# جۆرەكانی ئەدای سیستەمی سیاسی و نیشاندەرەكانی
## (لێكۆڵینەوەیەكی تیۆرییە)

پ.ی. د. صباح صبحي حيدر1 م.ی. دلخواز اسماعيل عزيز2

[2-1] كولێژی زانستە سیاسیەكان- زانكۆی سەلاحەدین- هەولێر- كوردستان

**المستخلص:**

لێكۆڵینەوە لە ئەدای سیستەمی سیاسی بە یەكێك لە گرنگترین بابەتە گەرمەكانی سەردەمی ئێستا دادەنرێت ،چونكە هەموو سیستمە سیاسییەكان ئاستی ئەدای یەكسانیان نییە، واتە ئاستی جیاوازیان هەیە، لەوانە ئاستێكی لاواز یان ئاستێكی بەرز. بۆیە ئامانجی سەرەكی لێكۆڵینەوەكە پێناسەكردنی چەمكی ئەدای سیستەمی سیاسی و جۆرەكانی ئەدای سیستەمی سیاسی بوو،لەگەل تیشك خستنە سەر دیارترین نیشاندەرەكانی سیستەمی سیاسی وەک نیشاندەرە ئابوری و كۆمەلایەتی و سیاسییەكان.

بەم پێیە لێكۆڵینەوەكەمان كردە سێ باس، لە باسی یەكەمدا تیشكمان خستۆتە سەر چەمكی ئەدای سیستەمی سیاسی،ولە باسی دووەمیشدا باسی جۆرەكانی ئەدای سیستەمی سیاسی كراوە، ولە باسی سێیەمیشدا جەختمان كردۆتە سەر گرنگترین نیشاندەرەكان بۆ پێوانەكردنی ئەدای سیستەم.

بۆیە لێكۆڵینەوەكە گەیشتە كۆمەڵێك ئەنجام و ڕاسپاردە، ئەنجامەكانی توێژینەوەكە دەریخست كە دەتوانرێت ئەدای سیستەمی سیاسی بە پلەی دەستكەوت و تەواوكردنی ئەو ئەركانەی كە ئەركەكانی سیستەمی سیاسی پێكدەهێنن بە گۆڕینی تێهاویشتەكان(داواكارییەكان) بۆ دەرهاویشتەكان (سیاسەت و بڕیارەكان)، بۆ دابینكردنی ئەو پێداویستیانەی كە هەریەک لە سیاسەتەكانی وەدەرهێنان و دابەشكردن و ڕێكخستن ورەمزی لەخۆدەگرن.

هەروەها توێژینەوەكە پێشنیاری پێویستی هەماهەنگی و هاوكاری نێوان دامەزراوە فەرمی و نافەرمییەكانی سیستەمەكەی كردووە بە مەبەستی پاراستنی سیستەمەكە و بەردەوامییەكەی و دابینكردنی ئاستێكی باشی ئەدای كاركردن، بەتایبەتی ئەدای وەدەرهێنانی سەرچاوە ماددی و مرۆییەكان بۆ ئەوەی سوودی لێ ببینن ، لەگەڵ دابەشكردنی كاڵا و خزمەتگوزارییەكان بەسەر ئەندامانی كۆمەڵگادا بە شێوەیەكی دادپەروەرانە.

**كلیلە ووشەكان :** ئەدا ، ئەدای سیستەمی سیاسی،جۆرەكانی ئەدای سیستەم ، نیشاندەرەكانی ئەدای سیستەم.

## 1. پێشەكی

لێكۆلینەوە لە ئەدای سیستەمی سیاسی بەیەكێك لە پرس وبابەتە گرنگەكان دادەنرێت لە ڕۆژگاری ئەمرۆماندا ،چونكە پێشكەوتنی سیستەمی سیاسی و پرۆسەی سیاسی لە هەر وولاتێك بەندە بە چالاكی دامەزراوەكانی وەرۆلی ئەم دامەزراوانە لە ئەداكردنی ئەركە جۆراو جۆرەكان بە باشترین شێوە لە پیناو پتەوكردنی پرنسیپەكانی دیموكراسیدا ، سەرەرای ئەوەی كە هەموو سیستەمێكی سیاسی لە جیهاندا هەول دەدەت كە سیستەمێكی كارا بێت و ئاستێكی بەرزی ئەدای هەبێت جا جۆری سیستەمەكە دیموكراسی بێت یاخود دیكتاتۆری، بۆ ئەوەی لە ریگەی ئەم ئەدایەوە بەرگری لە مانەوەو بەردەوامی خۆیدا بكات ،بەلام ئاستی ئەم ئەدایە لە سیستەمیكەوە بۆ سیستەمیكی تر جیاوا،زە،بۆیە دەبینین لە زۆربەی وولاتانی جیهان بەتایبەتی وولاتانی تازەپێگەیشتوو ئاستی ئەدای سیستەمی سیاسیان نزمە ،لە ئەنجامی نەبوونی تواناى دامەزراوەكانی سیستەمی سیاسی لە چۆنیەتی مامەڵەكردن لەگەڵ قەیرانەكاندا و ئەو كێشانەی كە ڕووبەڕوویان دەبێتەوە، سەرەڕای بێتوانایی ئەم دامەزراوانە لە وەڵامدانەوەی داواكارییەكانی ژینگەی ناوخۆیی و دەرەكی بۆیە دەبینین كە هەموو سیستەمەسیاسیەكان لە جیهاندا یەك ئاستی ئەدایان نیە، بەلكو ئاستی جیاوازیان هەیە بۆ ئەدا بۆ نموونە ئاستی ئەدای بەرز یان ئاستی ئەدای نزم ، وەئەم جیاوازیەش بۆ تواناى سیستەمی سیاسی ودامەزراوەكانی دەگەڕیتەوە .

بێگومان بۆ زانین و پیوانەكردنی ئەدای سیستەمی سیاسی چەند نیشاندەریك هەیە كە گوازرشت لەم ئەدایە دەكات، وەك تواناى دامەزراوەكانی بۆ هەلسان بەكارەكانیان بەشێوەیەكی رێك وپیك وچالاك لە سەرجەم بوارەكانی گەشەپیدانی سیاسی و ئابوریدا ، سەرەرای بوونی توانا

مجلّة پۆليتكنيك للعلوم الإنسانية والإجتماعية
المجلد 4 ، العدد 2 (2023)
ورقة بحث منتظمة: نُشرت في 20 نوفمبر 2023
حقوق الطبع والنشر © 2023. هذه مقالة الوصول اليها مفتوح موزعة تحت رخصة المشاع الإبداعي النسبية - CC BY-NC-ND 4.0

بۆ وەلامدانەوەی داواکاریەکان کە لە ژینگەی ناوەخۆو دەرەوە ئاراستەیان دەکریت لە ریگەی سیاسەت و بریارەکان ، لەگەل سەقامگیری سیاسی کە دەرئەنجام و دەرهاویشتەی کارەکانی سیستەمی سیاسی لە خۆوە دەگریت .

## 2. گرفتی توێژینەوە

گرفتی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە کە هەموو سیستەمیکی سیاسی لە وولات کۆمەلیك ئەرك ئەدا دەکات لە پیناو مانەوەو بەردەوامی خۆیدا، بەلام ئاستی ئەدا کردنی ئەرکەکانیان جیاوازن هەموویان لەیەك ئاستی ئەدادا نین،بۆ زانینی ئاستی ئەدای هەر سیستەمیکی سیاسی کۆمەلیك نیشاندەر هەیە، بۆیە گرفتی سەرەکی ئەم توێژینەوە لەم پرسیارە سەرەکیە بەرجەستەبووە. ئایا ئەو نیشاندەرە سەرەکیانە چین کە گوزارشت لە ئاستی بەرزی ئەدای سیستەمی سیاسی دەکات لە وولاتدا ؟ لەگەل چەند پرسیاریکی تری لاوەکی وەك: مەبەست لە ئەدا چیە ؟ ئایا ئەدای سیستەمی سیاسی واتای چیە؟ئەو ئەرکانە چین کە پێویستە لەسەر سیستەمی سیاسی ئەدایان بکات؟

2-1 گریمانەی توێژینەوە

گریمانەی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە کە ئاستی ئەدای سیستەمی سیاسی لە وولاتیکەوە بۆ وولاتیکی تر جیاوازەو لەیەك ئاستی ئەدا دانیین وە هۆکاری ئەم جیاوازیەش دەگەریتەوە بۆ بوونی هەندیك نیشاندەر کە ئاستی ئەدای سیستەم دیاری دەکەن ،وەك بوونی توانای دامەزراوەکانی سیستەمی سیاسی بۆ هەلسان بە کارەکانیان بەشیوەیەکی چالاك لە پیناو گەیشتن بە گەشەسەندنی ئابوری و کۆمەلایەتی ،وەهاتنەکایەی سەقامگیری سیاسی لە وولاتدا.

3-1 ئامانجی توێژینەوە

ئامانجی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە کە جەخت دەکات لەسەر :-
1-ناساندنی چەمکی ئەدای سیستەمی سیاسی ودیاری کردنی ئەو چەمکانەی کە لە چەمکی ئەدای سیستەمی سیاسیەوە نزیکن .
2-تیشك خستنەسەر جۆرەکانی ئەدای سیستەمی سیاسی لە وولاتدا.
3- دەست نیشان کردنی گرنگترین ئەو پیوەرو نیشاندەرانەی کە ئەدای سیستەمی سیاسی وولاتانیان پی پیوانە دەکریت.

**4-1گرنگی توێژینەوە**

گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەوەوە سەرچاوە دەگریت کە ئەدای سیستەمی سیاسی بابەتیکی گرنگی رۆژگارە ، چونکە زۆربەی وولاتانی جیهان بەتایبەتی وولاتانی تازەپیگەیشتوو دەنالینن بەدەست نزمی ئاستی ئەدای سیستەمی سیاسیان، لە ئەنجامی نەبوونی توانای دامەزراوەکانی سیستەمی سیاسی بۆ وەلام دانەوەی داواکاریەکانی ژینگەو چارەرسەر کردنی ئەو کیشەو قەیرانانەی کە رووبەروویان دەبیتەوە ،بۆیە ئەم توێژینەوەیە جەخت لەسەر جۆرەکانی ئەدای سیستەمی سیاسی دەکاتەوە لەگەل دەستنیشان کردنی گرنگترین ئەونیشاندەرانەی کە بوونەتە پیوەر بۆ دیاری کردنی ئاستی ئەدای سیستەمی سیاسی لە هەر دەولەتیك.

5-1 میتۆدی توێژینەوە

بۆ گەیشتن بە وەلامی گریمانەی توێژینەوەکە پشتمان بە میتۆدی وەسفی شیکاری بەستووە ، بۆ مەبەستی دیاری کردن و وەسف کردنی جۆرەکانی ئەدای سیستەمی سیاسی و شیکردنەوەی گرنگترین پیوەرو نیشاندەرەکانی ئەدای سیستەمی سیاسی .

6-1 پەیکەری توێژینەوە

ئەم توێژینەوەیە پیکهاتووە لە سی باس و پیشەکی ودەرئەنجام ،لە باسی یەکەم تیشك دەخەینە سەر چەمکی ئەدای سیستەمی سیاسی، لەباسی دووەمدا باسی جۆرەکانی ئەدای سیستەمی سیاسی دەکەین ،وەلەباسی سییەم جەخت لەسەر گرنگترین ئەو نیشاندەرانە دەکەین کە ئاستی ئەدای سیستەمی سیاسیان پی پیوانە دەکریت لە وولاتدا.

2. باسی یەکەم / چەمکی ئەدای سیستەمی سیاسی

ئەدای سیستەم گوزارشتە لە توانای سیستەم بۆ هەلسان بەئەنجامدانی ئەرکەکانی ، سەرەرای ئەوەی کە هەموو سیستەمە سیاسیەکان لە جیهاندا یەك ئەرك پراکتیزە دەکەن ، بەلام جیاوازی نیوانیان لە ئاستی ئەدا کەیان دایە . بۆیە لەم باسەدا هەوڵ دەدەین سەرەتا بزانین سیستەمی سیاسی چیە؟ واتای ئەدا چییە؟ومەبەست لە ئەدای سیستەمی سیاسی چییە؟

یەکەم / چەمکی سیستەمی سیاسی

پێش ئەوەی باس لە تێگەیشتنی ئەدای سیستەمی سیاسی بکەین پێویستە سەرەتا ئاشنابین بە چەمکی سیستەمی سیاسی کە بەیەکێك لە بوارە گرنگەکانی زانستی سیاسی دادەنرێت لە ژیانی سیاسی وولاّتاندا، بۆیە پێویستە بەشێوەیەکی گشتی خویندنەوە بۆ دەرهاوێشتە سیاسیە جۆراوجۆرەکانی وڵاتان بکریت لە ژینگەی ناوخۆیی ودەرەکیدا ،جونکە وبەوشێوەیە وێنەیەکی سەرەتایی لە واقیعی ئەو وولاتەمان بۆ دەردەکەویت .بابەتی سیستەمی سیاسی یەکێکە لەبابەتە هەرەگرنگەکان لەبوارەکانی سیاسی وئابووری کۆمەڵایەتیدا، وچەمکەکەش لەدووبەش پێکدێت: سیستەم: زاراوەیەك کە لە کۆمەڵێك توخم پێکدێت(دیاردەکان وپەیوەندییەکان وژێرخان)کە پێکەوە دەبەسترێتەوە بەشێوەیەك کە کاریگەریان لەسەر یەکتری هەبێت( الكيالي واخرون، 1983،ص582).

به واتايەكى تر سيستەم واتا تێكەڵكردنى شێوازەكان كە پەيوەستن بە پرۆسەكانى بڕياردانى سياسى، بەلام دەستەواژەى سياسەت بريتى يە لەو بيرۆكەو پرنسيب و بنەمايانەى كە جەستەى ئەو سيستەمە پێكدەهێنن كە لەنێو كۆمەڵێكدا بڕياردەدەن(Easton ،1957.p383).بۆيە لێرەدا هەوڵ دەدەين هەنديك پێناسە بخەينەڕوو كە لەلايەن بيرمەند وتوێژەرەسياسيەكان بۆ سيستەمى سياسى كراوە وەك:-

وتوێژەرى سياسى ئەمريكى رۆبرت دال- Robert Dahl بەمشێوەيە پێناسەى سيستەمى سياسى دەكات بەوەى كە "بريتيى يە لە شێوازى بەردەوامى پەيوەنديەكانى مرۆڤ كەتێدا كۆنترۆڵ وهەژموون وهێز بە پلەيەكى بەهێز لەخۆ دەگرێت(دال،1993،ص10). ئەم پێناسەيە گشتكيرە،چونكە جۆرى سيستەمەكانى ديارى نەكردووە ونايەوێت تەنها سيستەمى سياسى بگريتەوە، بەلكو سيستەمى كۆمەلآيەتى وئاينى وئابووريش لەچوارچێوەى كارليككردن وپەيوەنديەكاندا بە خەسلەتەكانى هێز و هەژموون ودەسەلآتەوە ديارى دەكرێت.

وبيرمەندى فەرەنسيموريس دوفرجى- Moure's Diverge بەمشێوەيە پێناسەى سيستەمى سياسى دەكات بەوەى كە "بريتيە لە كۆمەڵێك چارەسەر بۆ ڕووبەڕووبوونەوەى ئەو كێشە سياسيانەى كە لەلايەن دەستەى حكومڕانيەوە كۆ دەكرێنەوەو لەدەستەى كۆبوونەوەدا ڕێكدەخرێن"(دوفرجيە ،بدون سنة طبع ،ص15).

بەلام زاناى ئەمريكى گابرێل ئەلموند - Gabriel -Almond پى وايە سيستەمى سياسى بريتى يە لە "سيستەمى كارليكەكانى ناو هەموو كۆمەڵگا سەربەخۆكان،كە پەيوەندى بە هەردوو ئەركى تەواوكارى و سازانى ناوەخۆوە هەيەواتە لەچوارچێوەى كۆمەڵگادا ، هەروەها لە دەرەوەش واتە لەنيوان كومەلگاو كومەلگاكانى تردا لە ريگاى بەكارهێنانى كردەيیانە يان هەرەشە كردن بە بەكارهينانى ناچاركردنى مادييانەى مەشروعەوە " (ثابت، 2001،ص256.).

لە كۆتايدا گەيشتين بەوەى كە سيستەمى سياسى لە بۆشايدا بوونى نيە، بەلكو لە ژينگەيەكدايە كە كارى تيدا دەكات و وە كارى تى دەكريت هەروەها لەكەل سيستەمەكانى تر بەردەوام كارليك لە نيوانياندا روو دەدات . كەواتە سيستەمى سياسى بۆ ئەوەى بمينيتەوە پاريزگارى لە مانەوەى خۆيدا بكات پيويستە تواناى ئەوەى هەبيت كە وەلامى ئەو گوشارانە بداتەوە كە لە ژينگەى ناوەخۆو دەرەوە روو بەرووى دەبيتەوە ، واتە تواناى ريكخستنى رەفتارى تاكەكان و تواناى دابەشكردنى داهات و سامان هەبيت بەشيوەيەكى دادپەروەرانە،وتواناى رووبەرووبونەوەى قەيرانەكانى هەبيت، وەهەموو ئەمانەش دەوەستيت لەسەر ئەو پەيوەنديەى كە لە نيوان دامەزراوە فەرميەكانى سيستەمى سياسى هەيە، چونكە ئەگەر هەماهەنگى و هاوسەنگى لە نيوان دامەزراوەكانى سيستەمى سياسيدا بوونى نەبيت،ئەوا ئەو سيستەمە هەرەس دينيت لەو سياسەتەى كە دايرشتووە ودەكەويتە حالەتى مەترسيەوە.( النجار ،2004 ،ص.ص.16-17).

لە كۆتاى بۆمان دەردەكەويت كەپيويستە لەسەر سيستەم ئەو ئەركانەى كە لە سەريەتى بە باشترين شيوە ئەدايان بكات بۆ ئەوەى لە ريگەى ئەم ئەدايەوە بەرگرى لە مانەوەو بەردەوامى خۆيدا بكات .

لەژێر رۆشناى ئەوەى باسمان كرد سەبارەت بەچەمكى سيستەمى سياسى،پيويستە بزانين ئەدا چيە وە مەبەست لە چەمكى ئەداى سيستەمى سياسى چيە؟ وەئەو چەمكانە كامانەن كە نزيكن لە چەمكى ئەداوە هەولدەدەين لە چەند خاليكدا روونى بكەينەوە بەم شيوەيەى خوارەوە :

دووەم: چەمكى ئەدا

بيگومان سەركەوتنى سيستەمە سياسيەكان لەسەر ئاستى ناوخۆيى ودەرەكى پەيوەستە بە تواناى سيستەم وئاستى ئەداكردنى كارو ئەركەكانى بەشيوەيەكى ريك و پيك لە پيناو بەديهينان و گەيشتن بە ئامانجەكانى.

سەرەتا چەمكى ئەدا يەكيكە لەو چەمكانەى كە لە بوارە جياجياكانى سياسى و كارگێرى و ئابوريدا بايەخ و ليكۆلينەوەى بەرچاوى بەخۆيەوە بينيوە، بەهۆى گرنگى چەمكەكە لەسەر ئاستى تاك و دامەزراوەكان . دواتر هاتنە ناوەوەى زاراوەى ئەداى بۆ هەردوو بوارى سياسە و كارگێريدا هەروەها لەبەر ئەوەى بەستراوەتەوە بە بەرێوەبردنى دامەزراوەكان لە پەيوەندى لەگەڵ سيستەمى سياسيدا، بەتايبەتى چاوديرى كردن و هەڵسەنگاندنى ئەداى دامەزراوە سياسيە فەرمى و نافەرميەكان يەكيكە لەو بابەتانەى كە گرنگييەكى بەرفراوانى لەلايەن توێژەران و بيرمەندان بە تايبەت لە زانستى سياسى و ئابووريدا بەخۆيەوە بينيوە، لە پيناو زانينى ئەو ريكارانەى كە ريگە بە باشتربوونى دەدەن،چونكە باشتركردنى ئەداى كاركردن گەرەنتيكى بنەرەتيە بۆ سيستەمى سياسى لە پيناو گەيشتن بە ئامانجى سەرەكى خۆى كە مانەوە و بەردەواميەكەيەتى.

هەروەها زاراوەى ئەدا يەكيكە لە گرنگترين زاراوەكان كە بۆتە جيگەى بايەخى هەموو جيهان، سەرەراى جياوازى سيستەمى وولاتان لە تواناو ئاستى ئەداكردنى كارەكانيان، وڕادەى بەدواداچوون وخۆڕاگرى لەبەدەستهێنانى بەرزترين ئاستى سەركەوتن كە جۆريك لە ڕازيبوونى جەماوەرى ليدەكەويتەوە، ئەمەش بەو مانايە ديت كە دەوڵەت دەتوانێت هەڵسوكەوتى ئێستاى بگۆرێت بۆ زالبوون بەسەر سەختى وئاستەنگەكان بۆ بەدەستهێنانى بەرزترين ئاستى ئەداى سياسى لە پرۆسەى بەريوەبردنى كۆمەڵگە لەوپەرى ئاشتى وخۆشگوزەرانيدا.كەواتە ئەداماناى ئەوەيە كە ئەركى خۆى تەواوكردووەو پى هەلساوە،واتە تەواوكردنى ئەرك وكارەكانى بەو پەرى دلسۆزيەوە(علي،2020،ص97).

وه چەمکی ئەدا بۆ یەکەم جار چووە بواری زانستە مرۆڤایەتیەکان لەڕێگەی زانای ئەمریکی (د.هێنری مورای Henry A.Murray)مامۆستای زانستی دەروونی لە زانکۆی هارڤارد لە ساڵی(1938)، کاتێك چەمکی ئەدای بە دوو کرۆکی سەرەکی دابەش کرد کە بریتی یە لە پیداویستی و توانستی ئەدا دوو توخمی سەرەکی کەسایەتین ،وەباس لەوە دەکات کە مرۆڤ دەبێت بەشێوەیەکی یەکپارچەیی بخوێنرێت بۆ ئەوەی کەسایەتیەکەی شیبکرێتەوە، ئەمەش لە ڕێگەی لێکۆلینەوە لە پێداویستیە دووبارەکراوەکان و وئەو توانا ئەدایەی کە هەیەتی، مۆری لەهەوڵەکەیدا بۆ ناساندنی ئەدا پێشنیاری ئەوە دەکات کە بیویستە تاك ئارەزووی ئەوەی هەبیت بتوانیت زاڵ بیت بەسەر کۆسپەکان وپراکتیزەکردنی هێزی خۆی بۆ جێبەجێکردنی ئەرکە قورسەکان بەدروستی و بە خێرایی لەبیناو گەیشتن بە ئامانجی دیاریکراو(المصدر نفسه والصفحة نفسها ).لەڕوانگەی گرنگی ئەم زاراوەیەوە، هەولدەدەین لە رووی زمانەوانی و زاراوەییەوە ئەم چەمکە روون بکەینەوە:-

1-چەمکی ئەدا لە رووی زمانەوانیەوە Concept of performance

چەمکی ئەدا لە رووی زمانەوانیەوە دەگەریتەوە بۆ سەرچاوەی ئەدا، واتە هەلسان بە ئەرکەکان و و جی بەجی کردنیان. وە لە زمانی ئینگلیزیدا ووشەی ئەدا ( Performance) بەمانای جێبەجێکردنی کردارێک یان تەواوکردنی کردەوەیەک و جێبەجێکردنی داواکارییەکان و بەلینەکان دیت(محمود، ط1، 2000, ص288) . طبعة الاولى ، 2000, ص288. طبعة الاولى ، 2000, ص288).

2- چەمکی ئەدا لە رووی زاراوەییەوە چەندین پیناسەی بۆ کراوە وەك :

یەکێك لە پیناسەکان بۆ ئەدا ئەوەیە کە ئاماژە دەکات بە ئاستی بەدیهێنانی ئەرکەکان وتەواوکردنی کارەکانی ئەوەش ڕەنگدانەوەی سیستەمی سیاسیە کە چۆن داواکاریەکان جی بەجی دەکات وپێویستیەکان بەدەست دەهێنێت، وئاماژە دەدات بەوەی کە سیستەمی سیاسی بتوانیت تیهاویشتەکان(Inputs )بگوازیتەوەو بگۆریت بۆ دەرهاوێشتەکان Outputs(الحواس،2020،ص9).

وهەروەها پیناسەیەکی تر بۆ ئەدا ئەوەیە کە "بریتیە لە ڕەفتاری ئەو دیاردە بینراوانەی کە دەتوانرێت چاودێری وخەملاندن وهەڵسەنگاندنیان بۆ بکرێت .ئەدا نیشاندەری سەرکەوتنە یاخود گوزارشت لە سەرکەوتن دەکات بەپێی توانای ماددی، یان توانای بەکارهێنانی سەرچاوە بەردەستەکان بەشێوەیەکی کارا وکاریگەر لەبیناو بەدیهینانی ئامانجەکانی(القحطاني، بدون سنة طبع ، ص71).

3-چەمکی ئەدای سیستەمی سیاسی

سەبارەت بەچەمکی ئەدای سیستەمی سیاسی هەندیك پیان وایە کە ئەدای سیستەمی سیاسی پەیوەندی بە تیهاویشتەکان و دەرهاویشتەکان و دەرئەنجامەکانی سیستەمی سیاسییەوە هەیە، و بەسەر دوو بەشدا دابەش دەبێت: ئەدای دیموکراسی و ئەدای حکومی، ئەوەی یەکەم تیهاویشتەکانی سیستەم دەگریتەوە ، ئەوەی تریان مەبەستی دەرهاویشتەکانی سیستەمی سیاسیە بە واتای هەموو ئەو ئەرکانە دیت کە سیستمی سیاسی لە بوارە جۆراوجۆرەکانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی لە سەر ئاستی ناوخۆیی و دەرەکیدا ئەنجامی دەدات وجێبەجێی دەکات(باقر ، 2020,ص9).

هەندیکی تر پیان وایە کە ئەدای سیستەمی سیاسی بریتیە لەو دەستکەوتانەی کە سیستەم هەوڵی گەیاندنی دەدات بە هاوڵاتیان لە ریگەی دامودەزگا و سیاسەت وگوتارەکانی ،وئەو دەستکەوتانەش بەتایبەتی لە چوارچێوەیەکی کۆمەڵایەتی-سیاسیدا دەناسرینەوە، کە دەکرێت یەکخستنەوە یان تێپەڕاندنی سیاسەتە باوەکان بێت( M.Rai, 2014, P1).

پیناسەیەکی تر بۆ ئەدای سیستەم ئەوەیە کە ئاماژەیە بۆ چالاکی و میکانیزمی کاری دامەزراوە فەرمیەکانی یاسادانان و جێبەجێکردن و دادوەری وهەروەها دامەزراوە نافەرمیەکانی سیستەمی سیاسی کە لە بەرامبەردا سیاسەتی گشتی دەوڵەت پێکدەهێنن. بەو پێیەی ئەدای سیستەمی سیاسی ڕەنگدانەوەی پەیوەندی نێوان دامەزراوەکان دەبێت، تا هاوسەنگی و کارلێککردن لە نێوان ئەم دامەزراوانەدا زیاتر بێت، بڕیاری سیاسی زیاتر کاری پێدەکرێت و توانای وەرگێڕانی یاساکان بۆ سیاسەتی گشتی زیاتر دەبیت(الحديثي،2006، ص3).

لە کۆتایی ئەو پیناسانە گەیشتین بەوەی کە ئەدای سیستەمی سیاسی بریتی یە لەو ئەرك و کارانەی کە سیستەمی سیاسی پی هەلدەستیت بۆ پڕکردنەوەی پیداویسیتی و داواکاریەکانی تاکەکان لەگەل پیشکەش کردنی خزمەتگوزارە جیاوازەکان و تیرکردن وپڕکردنەوەی پیداویستیەکانی کۆمەلگا لە ئیستاو داهاتوودا وە رازی کردنیان .

کەواتە کاتێك دەلین ئەدای سیستەمی سیاسی ئاماژەیە بە توانای سیستەمی سیاسی بۆ جێبەجێکردنی ئەرك و کارەکانی، پیویستە ئەوە بزانین کە ئەرك و کارەکانی سیستەمی سیاسی لەهەموو وولاتاندا وەك یەکن و هیچ جیاوازیان نیە هەر وەك (گابرێل ئەڵمۆند ) زانای ئەمریکی پیی دەلیت "دونیای کار- عالميه الوظائف بەلام جیاوازیەکەیان لە توانستی ئەدای کارەکانیاندایە ، بۆ نموونە ئاستی ئەدای سیستەمی سیاسی (أ) بەهێزترە لە ئاستی ئەدای سیستەمی سیاسی(ب) ئەوەش بەهۆی جیاوازی توانست وکارامەیی نێوانیانەوە، بۆیە سیستەمی سیاسی هەوڵدەدات ئەدای خۆی بەرزبکاتەوە لە ریگەی دامەزراوەکانیەوە(النجار 2011،-2012, ص2).

کاراترین سیستەمی سیاسی ئەو سیستەمە کە دەتوانێت لە ماوەی دابینکردنی پێداویستیە سەرەتاییەکان بۆ هاولاتیانی پێداویستیەکانی تری سەرەکی جێبەجێ بکات( العاني ،2007،ص386).

(فرانسیس فۆکۆیاما)زاناو فەیلەسوف ئەمریکی پێی وایە کارەکانی سیستەمی سیاسی لە سێ جۆرە ئەرکی سەرەکی خۆی دەبینێتەوە: یەکەم: کاری دونیا(جيهاني) بریتیە لەپێشکەش کردنی خزمەتگوزارییە گشتیەکان بۆ هاولاتیان و بەرگری کردنیان لەهەڕەشەدەرەکیەکان وکارکردن لەگەڵ دەستەی ژینگەی بۆ گەشەپێدانی مرۆڤایەتی لە کۆمەلگەدا، وکردنەوەی بوار بۆ گەیشتن بەکەرەستەکان. دووەم: ئەو ئەرکە بەرجەستە دەبێت لە دانانی چوارچێوەیەکی یاسایی وتەشریعی جێگیروچالاك بۆ کەرتی گشتی، سێیەم: ئەرکە کاراکان کە خۆی دەبینێتەوە لەپاڵپشتی چالاکی تایبەت لەرێگەی هاندانی بازارکردن (بازاری ئازاد) وکۆکردنەوەی دەستپێشخەریەکان وبەدەستهێنانی هاوسەنگی لەنێوان حکومەت وبازار لەرێگەی کارکردن بۆ سەقامگیری ودادپەروەری. ( علي، المصدر السابق، ص101).

هەروەها زاناو فەیلەسوفی ئەلمانی (ئەلفرید شمیدت-Alfred Schmidt) جەخت لەسەر رەهەندەکانی ئەدای سیستەمی سیاسی دەکات دابەشی دەکات بۆ هەشت رەهەند وەك بەشداری سیاسی هاولاتیان لەپرۆسەی سیاسیدا، بەدیهێنانی دادپەروەری، وبوونی ئاسایش و سەقامگیری ولەگەڵ دابین کردنی ئازادی وتوانای سیستەمی سیاسی بۆخۆگونجاندن لەگەڵ گۆرانکاریە چاوەڕوانکراوەکان لە ژینگەدا یان بەرامبەر ئەولەویەتەکانی هاولاتیان، ولەکۆتاییدا چۆنیەتی پارێزگاری کردن لە سیستەم وبەردەوامبوونی نەك لەناوچوون و شکستخواردنی. ( النجار ، مصدر السابق،ص-ص9-10 ).بۆیە نابێت سیستەمی سیاسی تەنها سەیری ئەو پێداویستیانە بکات کە پەیوەستن بە مانەوەی خۆی، بەڵکو دەبێت توانای دابین کردنی ژمارەیەك پێداویستی سەرەتایی مرۆڤی هەبیت وەك زامنکردنی بەدیهێنانی ئاسایش وخۆشگوزەرانی ودادپەروەری و ئازادی ، وزۆربەی جار هێنانەدی ئامانجەکانی سیستەمی سیاسی پەیوەستە بە خواستی هاولاتیانەوە گوێڕایەڵی بۆ فەرمانەکانی دەسەلات، وجێبەجێکردنی بڕیارەکانیش پەیوەستە بە پتەوی ئاستی گوێڕایەڵی، کە لەم رێگەیەوە سیستەمی سیاسی رەوایەتی وەردەگرێت و ئەو بڕیارانە جێبەجێدەکات،وەکاتێکیش کە سیستەمی سیاسی وەڵامی داواکاری هاولاتیان دەداتەوە و جی بەجی دەکات، ئەوا ئەوکاتە سیاسەت و ئەدای ئەوسیستەمە کاراو چالاکە(الخزرجي, 2006 "،ص154).

لە کۆتایی ئەوەی کە باسمان کرد، سەبارەت بە ئەدای سیستەمی سیاسی و رەهەندەکانی بۆمان دەکەوت، کە ئەدای سیستەم گوزارشتە لە توانای ئەداکردنی ئەرکەکان هەلسان بە کارەکانی بەشیوەیەکی کارا، هەرچەندە هەموو سیستەمە سیاسیەکان یەك ئاستی ئەدایان نیەو جیاوازن وەئەو جیاوازیەش دەگەرێتەوە بۆ توانای دامەزراوەکانی ئەم سیستەمە بۆ ئەداکردنی ئەو کارانەی کە بیویستە پیی هەلسیت، وە بیویستە سیستەم تەنها ئەو ئەرکانە جی بەجی نەکات کە بیویستن بۆ مانەوەی خوی بەلکو بتوانیت سەرجەم بیداویستی و داواکاریەکانی هاولاتیان جی بەجی بکات.

سییەم : چەمکەکانی نزیک لە چەمکی ئەدای سیستەمی سیاسی

هەندیک لە چەمکەکانی سیاسەت نزیکن لەچەمکی ئەدای سیستەم گرنگترینیان :-

أ-چەمکی رەفتاری سیاسی: رەفتاری سیاسي کۆمەڵێک پراکتیزەو ممارساتی کۆمەڵایەتییە کە پەیوەندی بە ژیانی سیاسییەوە هەیە، بە مانایەکی فراوانتر ئاماژەیە بۆ بەشداریکردنیان لە خۆپیشاندان و بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان، هەروەها بەشداریکردن یان تێوەگلانییان لە سیاسەتی پارتەکان (احمد الشيخ، 2022، ص47). هەروەها رەفتاری سیاسی چالاکیەکی سیاسیە کە لە شێوەی هەڵوێست و رەوت و مەیلەکاندا رەنگ دەداتەوە. فاکتەری زۆر و جۆراوجۆر هەن کە کۆنترۆڵی سەرهەڵدان و فۆرمەکانی رەفتاری سیاسی دەکەن، کە فاکتەری ژینگەی کۆمەڵایەتی و ژینگەی شارستانین (الاسود،1990، ص539.)کەواتە دەتوانین بلین کە ئەدای سیستەمی سیاسی ئەو کردارەیە کە سیستەمی سیاسی بەرامبەر بە تاکەکان ئەنجامی دەدات،بۆ پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری ، لە کاتێکدا رەفتاری سیاسی پەیوەندی بە رەفتاری مرۆڤەوە هەیە یان پەیوەندی بەو کردارە مرۆییەوە هەیە کە تاک یان گروپەکە ئەنجامی دەدەن لە ژینگەیەکی دیاریکراو بە مەبەستی دروستکردنی کاریگەری سیاسی لەسەری لە لایەکەوە و کاردانەوەی مرۆڤ بەرامبەر بە ژینگەیەکی سیاسی لە لایەکی ترەوە.

ب-چالاکی سیاسی: رەنگدانەوەی روونی ئەو بارودۆخە ئابووری و کۆمەڵایەتیانەیە کە لە کۆمەڵگایەکدا زاڵن، و کە بارودۆخی کۆمەڵگاکان بەپێی ئەو سیستەمە سیاسییە باوانەی تیایاندا هەیە دەگۆڕێت، چالاکی سیاسی ئەرێنی نایەتەدی تەنیا لە رێگەی رێکخراوێکی باشەوە نەبیت کە لەسەر بنەمای چوارچێوەیەکی تیۆری و بەرنامەیەکی کاری روون کە ئەرک و مافەکان دیاری بکات، بە مەبەستی دەستنیشانکردنی کێشەکانی جەماوەر و دەستنیشانکردنی زانستی ڕوونیان، پاشان کاری بەکۆمەڵ بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشانە(سعد ،1988، ص324).کەواتە چالاکی سیاسی کاریکە کە تاك یا خود کومەلیك لە تاکەکان پی هەلدەستن بۆ گۆرانکاری دروست کردن لە بواری سیاسی و ئابوری و کومەلایەتی .

ج-رۆڵ : رۆڵ بریتیە لە کۆمەڵێک رەفتار کە کەسانی تر لە فۆرمێکی رەوادا لە لایەن خۆیەوە چاوەڕێی دەکەن و هەر بۆیە رۆڵەکە کاراکتەری

ناچاری لەخۆدەگرێت، توخمێکە کە بەزۆرەملێ دەکرێت یان تاک دەبێت ملکەچی بێت کاتێک لەسەریەتی وئەنجامی دەدات ئەمە لە لایەك ، و لە لایەکی ترەوە دەتوانین لە ڕۆڵ تێبگەین بە شێوازی جیاواز لەلایەن کەسانێکەوە کە پەیوەندییان لەگەڵ تاکەکەدا هەیە ئەو کەسەی ڕۆڵەکە ئەنجام دەدات، چونکە هەموو ڕۆڵێک و هەموو بارودۆخێک پەیوەندی بە ڕۆڵ و بارودۆخی دیکەوە هەیە(الاسود ، مصدر السابق ، ص81.).

توێژەران، ئەلمۆند و پاول، باسی ڕۆڵ دەکەن لە بواری سیاسەتدا، و بە یەکێک لە یەکە بنەڕەتییەکانی سیستەمی سیاسی وەسفیان کردووە، هەروەها سیستەمی لاوەکی لە ڕۆڵی پەیوەندیدار و کارلێککەر پێکدێت وەک دەزگای یاسادانان یان گروپی بەرژەوەندییەکان کە هەوڵ دەدەن یاسای نوێ دەربکەن، سەرەرای ئەوەی کە جیاوازی هەیە لە نێوان پێکهاتە و ڕۆڵەکان، و ئەوان ئاماژە بەوە دەدەن کە هەر سیستەمێکی سیاسی دەبێت بەردەوام ئارەزووی دامەزراندنی ئەندامەکانی بکات تا ڕۆڵی سیاسی ببینن،وئەرکی دامەزراندنی تاکەکان دەبێت لە هەموو سیستەمە سیاسییەکاندا هەبیت تاوەکوئەم پێکهاتەیە بەردەوام بێت لە ئەنجامدانی ئەرکەکانی(المومد جي ، الابن، 1997 ، ص22.) .

لە کۆتای هەموو ئەم چەمکانە وەك (ڕەفتاری سیاسی –چالاکی سیاسی- ڕۆل ) گەیشتین بەوەی کە هەموو ئەم چەمکانە دوورو نزیك پەیوەندیەکی پتەویان بە چەمکی ئەداوە هەیە.

3. باسی دووەم/ جۆرەکانی ئەدای سیستەمی سیاسی

بێگومان ئەدای سیستەمی سیاسی بریتی یە لە دەرهاویشتەکانی(Outputs) سیستەمی سیاسی کە تیایدا بەشێوەی چەند سیاسەتیکی گشتی دەردەکەویت، ،وئەدای سیستەم چەند جۆریکی هەیە هەولدەدەین لەم خالەدا باسی جۆرەکانی ئەدای سیستەمی سیاسی بکەین وە دابەشی دەکەین بۆچوار جۆری سەرەکی :-

یەکەم : ئەدایی وەدەرهینان –Extractive performance

ئەدای وەدەرهینان بە یەکێك لە گرنگترین سیاسەتەکانی سەرجەم سیستەمە سیاسیەکان دادەنریت، وەیەکێکە لە ئەرکە سەرەکیەکانی سیستەمی سیاسی کە بریتی یە لە وەدەستخستنی سەرچاوەی پیویست بۆ بەریوەبردنی وولات جا ئیتر ئەم سەرچاوانە ماددی بن یان مرۆیی لە ژینگەی ناوەخۆیی بن یان دەرەکی وەمەبەستیش لە سەرچاوەکان بریتین سەرچاوەی خاو ئەوەیە کە حکومەت هەولدەدات بۆ وەدەرهینانی ئەم سەرچاوانەی کە لەوەو پیش سودیان لیوەرنەگیراوە بۆیەکەم جارە بەکاری دەهێنن(رسول ، 2019، ل147).

هەموو ئەوانە بەدی دیت لەڕێگەی باش بەکارهێنانی ئەرکەکان لە ژینگەی ناوخۆ ودەرەوە، بەشێوەیەك کەحکومەتەکان تەنانەت سادەترینیان هەڵسابیت بەدەرکردنی سیاسەتی گشتی کە بۆ ئامانجی سەرچاوە وەدەرهاتووەکانی بەدەستهاتوون، وەهەموو سیستەمە سیاسییەکان ئەم ئەرکە پراکتیزە دەکەن ، بەلام جیاوازیان هەیە لەشێواز و کارای چالاکیەکانیان ولەگەل ئەو بنەمایەی کەلەسەری بەرێوەدەچێت، جگە لەوەی کە سەرکەوتنی ئەدای وەدەرهێنان تەنیا بە پەیڕەوکردنی چاکسازییە ئابووریەکان‌دەکرێت کە بەشدارن لە زیادبوونی بەرهەمی نەتەوەی بەشێوەیەکی ئەرێنی لەدۆخی گشتی دەوڵەتدا ڕەنگ دەداتەوە، وەهەروەها پێویستی بەهاندان و هێنانی وەبەرهێنانی بیانی وپشتگیری بۆ بەرهەم هێنانی ناوخۆ وجێگرەوەی جێگۆڕینی وەبەرهێنانی هاوردەکردن بە هەناردەکردن، یان کردنی کۆمەڵگە لەبەکارهێنەرەوە بۆ بەرهەمهێنەر بۆ ئەوەی گەشەی ئابووری خێراتر بەدەست بهێنێت(علي، المصدر السابق،ص104).و گرنگترین و دیارترین ئەدا وەدەرهاتووەکان بریتین لە باج، کومەك، خزمەتی سەربازی، بوکورتی روونیان دەکەینەوە:-

1-باج : بەگشتی بە یەکێك لە گرنگترین سەرچاوەکانی داهاتی نشتیمانی دادەنریت لە سەرجەم وولاتانی جیهان، جا وولاتانی پیشکەوتوو بیت یان وولاتانی دواکەوتوو، بەلام ریژەی باج لە وولاتیکەوە بۆ وولاتێکی تر دەگوریت وەك یەك نیە، هۆکاری وەکو یەکنەبوونی وولاتان پەیوەندی بەسیستەمی ئابوری وولاتەکەو بە ئاستی پیشکەوتنی کومەلگاکە هەیە بۆ نموونە لەو وولاتە پیشەسازیەکان ریژەکەی زیاترە لە چاو ئەو کومەلگایانەی کە پشت بە کشتوکالەوە دەبەستن، بیجگە لەوەی کە پەیوەندی بە ئاستی توانستی دام و دەزگاکانی وولاتەوە هەیە بۆ کۆکردنەوەو ریکخستنی ئەم داهاتە، ئەمەش دەگەریتەوە بۆ سیاسەتی حکومەت بەرامبەر ئەو کەسانەی کە باج دەدەن وە کاریگەری تەواوی هەیە لەسەری .بۆیە باج ئەو داهاتە دەرهاتووەیە کە سیستەمی سیاسی لە ریگەی کاریکتەرەکانیەوە کار بۆ بەدەستهینانی دەکات، لە پیناو دووبارە دابەش کردنەوەی داهات بەسەر هاولاتیان لە لایەك وە لە لاییکی ترەوە بۆ پالپشتی بەرهەمی ناوەخۆیە یان بۆ ریگری کردنە لە ریژەی هەلاوسانە یاخود بۆ پرکنەوەی کورت هینانی بوجەی وولاتە، هەموو ئەوانەی باسمان کرد دەچێتە خانەی بەرژەوەندی گشتیەوە ( رەسول ، سەرچاوەی پیشوو ، ل147-148).

2-خزمەتی سەربازی: ئەمەش جۆریکە لە سەرچاوەی مرۆیی وولات، کە دەتوانریت سودی لیوە ببینرێت، وە ماوەیەکی زۆرە لە زۆربەی وولاتانی جیهان پەیرەو دەکریت، لەریگەی بانگیشت کردنیان بۆ ئەم خزمەتە کە لە سیستەمێکەوە بۆ سیستەمیکی تر جیاوازە، بۆ نموونە لە هەندیك سیستەمی سیاسی بەشیوەیەکی ئازادانەو خۆبەخشیە، لەهەندێکی تردا بە زۆرەملی و زۆرپلیکردنە، وە گرنگی ئەم سەرچاوەیە لەوەدایە کە لە پێناو بەرژەوەندی گشتی وولاتە(المنوفی ، 1987 ، ص302) . ئەرکی سەرچاوە مرۆییەکان لە کۆمەڵگا هاوچەرخەکاندا یەکێکە لە قورسترین وگرنگترین

ئەرکەکان، بەو واتایەی ئامرازی پەروەردەکردنی کۆمەڵایەتی توانای هەیە لە یەکخستنی هەموو بەشەکانی کۆمەڵگەی بەبێ جیاوازی کردن بەهۆی ئایین و ڕەگەز، وهەروەها هێزی سوپا تەنیا بە چەکەکانی دیاری ناکرێت، بەڵکو بەتوانای خۆی بۆ بەکارهێنانی ئەو چەکانە و کارامەیی وپەرەپێدانی توانا جەنگیەکانی دیاری دەکرێت. سیستەمە سیاسییەکان جیاوازن لە مەبەست و مەرجەکانی ئەرکی سەربازی لەوانە(تەمەن وماوەی ئەرکی سەربازی،پەروەردە ولێهاتوویی)، بەڵام لەهەندێك دەوڵەتدا ئەرکی سەربازی ئارەزوومەندانە یان ئەرکی سەربازی ناچاریە(بارانی ، 2017،ص87).ئەوەی گرنگە لێرەدا ئەوەیە کە ئاراستە کردنی ئەو وەدەرهینانە کەسەرچاوەی مرۆیەکانە سودی بۆ خزمەتی گشتی هەیە

3-هاوکاری : یەکێکی تر لە گرنگترین سەرچاوەکانی تر بریتی یە لە سەرچاوەی هاوکاری کە مەبەستمان ئەو قەرزو یارمەتیانەیە کە لەدەرەوە فەراهەم دەکرین بۆ مەبەستی دەست کردن بە پرۆژەو بۆژانەوەی وولات .ئەمەش زیاتر لە دەولەتانی دەولەمەند و ریکخراو بانکە نێو دەولەتیەکان وەردەگریت . بەتایبەتی لە کاتی روودانی کارەسات ئەم هاوکاریانە پیشکەش بە وولات دەکریت جا ئەم هاوکاریە پارە دەبیت یان خزمەتگورازی لە ریگەی ریکەوتنی رەسمی دەبیت بەرامبەر بەگەیاندنی کاریکی ئاسایشی یان مرۆیی هاوبەش بەپیی یاساو ریساکان(المنوفی ، مصدر السابق، ص 301).هەرچەندە ئەم یامەتیانە لایەنی ئیجابی هەیە بۆ دەولەت بەلام لەهەمان کاتدا لایەنی نەرینیشی هەیە، چونکە ئەم دەولەتەی کە یارمەتیەکە وەردەگریت ناچارە کە مەرجەکانی ئەو لایەنە قبول بکات کە یارمەتیەکی پیدەدات، ئەم مەرجانەش رەنگادانەوەی نەرینی دەبیت لەسەر دەولەت و وەلەسەر ئەدای سیستەمە سیاسیەکەی . 4-کاری خیرخوازی و خۆبەخشی: ئەمەش جۆریکی ترە لە سەرچاوە وەدەرهاتووەکان کە بی بەرامبەر ، یان بەرامبەر کرییەکی زۆر کەم وەدەست دەخرین بۆ بەجیگەیاندنی پرۆژەکانی بەرژەوەندی گشتی . لە ئیستادا زۆریك لە وولاتان بەهاوکاری هەندیك ریکخراوی نیودەولەتی ئەم جۆرە کارانە لە زۆر بواری خزمەتی گشتیدا بەکار دەهینن(رەسول ، سەرچاوەی پیشوو، ل148).

لەکۆتاییدا دەتوانین بلین کە ئەدای وەدەرهینان جۆریکە لە ئەدای سیستەمی سیاسی وە ئامانجی ئەوەیە کە سود لەم سەرچاوانە ببینریت کە سودیان لە نەبیراوە، سەرەرای ئەوەی کە بەشداری دەکات لە دابەش کردنی داهات وە پالپشتی کردنی وەبەرهینانی ناوەخۆیی وە چارەسەرکردنی کورتهێنانی بودجە، لەهەمووی گرنگتر سودی ئەوەیە کە کۆمەلگا دەگوازێتەوە لە کۆمەلگایەگی بەکاربەر بۆ کۆمەلگایەکی چالاك وەبەرهێنەر.

دووەم: ئەدای دابەش کردن- Distributive Performance

ئەدای دابەش کردن وەك لەهەندێك لەسەرچاوەکاندا دەخوێندرێتەوە، کە سیستەمی سیاسی لەرێگەی دەستەی کارگێری جۆراوجۆرەوە نوێنەرایەتی دەکرێت بە کورتکردنەوە ودابەشکردنی جۆرە جیاوازەکانی بەهاکان کە خۆی دەبینێتەوە لە پارە وکاڵا وخزمەتگوزاری و قازانج ،وخەڵات و دەرفەتەکان بۆ تاکەکان وگروپەکان، ئەدای دابەشکردن لەسیستەمی سیاسی دا دەکرێت بەچەندایەتی و چۆنیەتی ئەو شتانەی پێوانە بکرێت کە دابەش دەکرێت لە بوارەکانی ژیان کە لە پرۆسەی دابەشکردندا بەدی دەکرێت، وئەو کەرتانەی دانیشتوان کە سوودمەند دەبن لەو بەهایانە کە پەیوەندیان هەیە بەوەڵامدانەوەی پێداویستیە ڕاستەقینەکانی مرۆڤەکان(الموند –جی ، الابن ، مصدر السابق ، ص192).وئەو ئەدایە پەیوەستە بە چالاکی سیستەمی سیاسیەوە وەك دابەشکەر وبەخشینی قازانج وهەوڵەکانی لە بواری دابینکردن ودابەشکردنی خزمەتگوزارییەکان و پێگەی کۆمەڵایەتی نێوان تاکەکان و گروپەکان ناو کۆمەڵگە،کاریگەری ئەم جۆرە وئەدایە پەیوەستە بە ڕادەیەی سەربەخۆی دەستەبژێری دەسەڵاتدار بۆ داواکاریەکان و دابەشکردنانیان بەشێوەیەك کە هیچ تاك وگرۆپێك هەست بە بێبەشبوون ناکات، وبنەمای سەرەکی ئەدای دابەش کردن بریتیە لە دابەشکردنی دەرفەتی فێربوون و ئەرك وسامان و خزمەتگوزارییەکان کە بەیەکسانی لەنێوان ئەندامانی کۆمەڵگەدا(علی ، المصدر السابق،ص105).

بۆیە لە کاتی ئیستادا ئەرکی دابەش کردن بۆتە پێوەریکی گرنگی هەلسەنگاندن لە چالاکبوون و چالاك نەبوونی سیستەمە سیاسیەکان . بۆیە سیستەمە سیاسیەکان لە ریگەی دام و دەزگاکانی خۆیانەوە هەول دەدەن سیاسەتی دابەشکردن بە باشترین شێوە دابرێژن، لە پیناو ئەوەی تاوەکو زۆرترین تاکەکانی کومەلگا لە خزمەتگوزاریەکانی وەك خویندنی گشتی و دابین کردنی شوینی نیشتەجیبوون و و بیمەی تەندروستی سودمەند بن(رەسول ، سەرچاوەی پیشوو،ل 150). وە پیویستە ئەوە بزانین کە توانای وولاتان جیاوازن لە دابین کردنی ئەم سەرچاوانە کە هەندیکیان بە باشترین شیوە پیشکەشی دەکات ،بەلام هەندیکی تریان بەشیوەیەکی ناتەندروست ئەدایان دەکات بۆیە لەم کاتەدا وولات دووچاری حالەتی ناسەقامگیری دەبیتەوە. بۆیە پیویستە لسەر سیستەم بە باشترین شیوە سیاسەتی گشتی دابریژیت تاوەکو زۆرترین هاولاتی لە خزمەتگوزاریە گشتیەکان سوود مەند بن وەلە گرنگترین ئەو خزمەتگوزاریانەش کە پیویستە لەسەر سیستەم دابەشیان بکات ئەمانەن :-

1- فێربوون: فێربوون توخمێکی گرنگی توانای دابەشکردنە ئەمەش پەیوەندی هەیە لەنێوان ئاستی فێربوون بە گەشەپێدانی لێهاتوویی(کارامەیی) وزیادکردنی بەرهەمی نەتەوەیی، وبەدیهێنانی پێشکەوتنی هەمەلایەنە،

ئەمەش بەهۆی ئەو ڕۆڵەی کە دەگێڕێت لە یارمەتیدانی تاکەکان بۆ باشترکردنی باری ئابووری وگوزەرانیان، بۆیە ئاستی نزمی بەرژەوەندەی دەوڵەت لەگەشەپێدانی تایبەتمەندییە داراییەکان پێویستی بە گەشەپێدانی کەرتی فێربوون هەیە بەو پێیەی بەشداری لە ڕێژەی بەرزی بێکاری ونەبوونی لێهاتوویی وشارەزایی زانستی بکات، وئەمەش زۆر دیارە لەوڵاتەدواکەوتووەکان جیاواز لە وولاتە پێشکەوتووەکان، ئامارەکانی نەتەتەوەیەکگرتووەکان ئەو ڕێژەیە دەخەمڵێنرێت کە سەرجەمی ئاسیا وئەفریقیا وئەمریکای باشوور بۆ فێربوون خەرج دەکرێن لە7-6 لە سەدا، وئەم ڕێژەیە لە ئەوروپا وئەمریکای باکوور6،5-2،7 سەدایە کۆی خەرجیان(عزیز،1989،ص73).

2- گەیشتن بە خۆشگوزەرانی کۆمەلایەتی و خەرجکردنی قەرزی دانیشتوان وخانووبەرە:کۆمەڵێك لە حکومتە هاوچەرخەکان لە وڵاتە پێشکەتووەکاندا هەوڵدەدەن بۆ داڕشتن وجێبەجێکردنی سیاسەتی پەرەپێدان بۆ باشترکردنی جۆریەتی ژیانی دانیشتوان لەکۆمەلگەدا لەڕووی کۆمەلایەتی وئابووری ودەروونی ورۆحیەوە، لەڕێگەی جەخت کردنە سەر لایەنەکانی جۆریەتی پەرەسەندن ودابینکردنی خانووبەرە بەشێوەی گونجاو بەشێوەیەکی دادپەروەرانە وقبوڵکراو دیموکراسییانە، لەپێناو بەدیهێنانی ئەو لایەنانەی کەدەسەپێنرێت، لەپێناو بەدیهێنانی ئەو بوارانە وادانراوە کە سیستەمێکی سیاسی وئابووری هەیە کە بەتەواوی بەشداربێت وبەشداری کردنی کاریگەری هاوڵاتیان لەدرووستکردنی بڕیاردا مسۆگەربکات(غنيم ، ابوزنط، 2007، ص29).

3-چاودێری تەندروستی وبیمەی کۆمەڵایەتی:یەکێکی تر لە خزمەتکوزاریەکان بریتی یە لە جاودێری تەندروستی و بیمەی کومەلایەتی،بێگومان ڕێژەی خەرجکردن لەو بوارەدا پەیوەستە بە ئاستی هۆشیاری کۆمەڵگە وپێشکەوتنی ئابووریەکەی، وڵاتە تازەگەشەسەندووەکان بەگشتی ناتوانن هیچ داهاتێك دابین بکەن بەڵام تەنها بەڕێژەیەکی کەم لەداهاتەکەی دەتوانێت بۆ چاودێری تەندورستی وبیمەی کۆمەڵایەتی دابین بکەن، بەپێچەوانەوە وڵاتە دەوڵەمەندەکان وپێشکەوتووەکان هەوڵێکی زۆر دەدەن لەپێناو دابین کردنی ئاستی بژێوی گونجاو وشیاو وبیمەی تەندروستی وکۆمەڵایەتی باش بۆ تاکەکانیان(الموند -جي ، الابن ،المصدر السابق،ص196).

لە کۆتاییدا دەتوانین بلێن کە ئەدای دابەشکردن یەکێکە لە گرنگترین جۆرەکانی ئەدای سیستەمی سیاسی، بەلام لەم ئەدایەدا وولاتانی جیهان هەموویان لە یەك ئاستدا نین و جیاوازن، جا هۆکاری جیاوازی ئاستی ئەدایەکەیان بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە هەندێکیان سەرچاوەکانی دابینکردنیان لاوازە وە ناتوان ئەم ئەرکە بەشێوەیەکی تەندروست و باش ئەدا بکەن ئەمە لە لایەك، وە لە لایەکی ترەوە لەوانەیە بەهۆی نەبوونی سیاسەتی باشی دابەش کردن بێت، کەتاکەکان هەست بە جیاکاری نادادپەروەری دەکەن، لە ئەنجامدا وولات دووچاری ناسەقامگیری دەبێت و دام دەزگاکانی سیستەم سیاسی دووچاری ئیفلیج بوون دەبن .

سێیەم: ئەدای ڕێکخستن-Regulative Performance

ئەو جۆرەیان جۆرێکی تری ئەدای سیستەمی سیاسیەکە پەیوەستە بە مومارەسەکردنی ئەرکی وچاودێری کردنی ڕەفتاری تاکەکان وگروپەکان لەناو کۆمەڵگەدا، ئەمەیان زۆربەی جار بەشێوەی فشاری یاسایی یان هەڕەشەکردنەوە بەستراوەتەوە، وچالاکیە ڕێکخستنەکان سیستەمی سیاسی لەسەردەمی مودێرندا بەرفراوانبووە، بەهۆی ئەو کێشانەوە پرۆسەی گەشەکردن دروستبووە وەك(تەندروستی، ئاسایشی پیشەسازی، پیسبوون.هتد....(المنوفي ،مصدر السابق،ص307) .

کەواتە سیاسەتی ریکخستن رەهەندیکی گرنگی حوکمرانیە ، ئەگەر بێتوو بە شێوەیەکی کاریگەر پەیرەو بکریت، ئەوە دەبێتە هۆی بنیاتنانی کومەلگایەکی چالاك و متمانە بوو بە حکومەت و دام و دەزگاکانی، هەروەها سیاسەتی ریکخستنی پیشکەوتوو ریگا بۆ دامەزراوەکانی حکومەت خۆش دەکات کە بگەن بە باشترین دەرئەنجام بە کەمترین تیچوو وە رەزامەندیەکی زۆرەوە لە لایەن ئەو کەسانەی کە یاساو ریساو رینماییەکان بەسەریان دا دەسەپینریت . بۆیە زۆرێك لە وولاتانی جیهان بە لایانەوە گرنگە کە ئەو سیاسەتە بە باشترین شیوە ئەدا بکەن لە رووی کوالیتی و توانست و کاراییەوە لە پیناو باشترین دەرئەنجام، ئەمەش لە دواجاردا کاریگەری زۆر دروست دەکات لە سەر پالپشتی سیستەمی سیاسی و مانەوەو بەردەوامی بە کارایی و بەهیزی .نموونە لەسەر ئەو ئەدایە ئەو یاسایانەیە کە هەندێك هەڵسوکەوتی کۆمەڵایەتی قەدەغە دەکەن کە کاریگەری نەرێنین لەسەر کۆمەڵگە، وەك نموونە پاراستنی ژینگە وپاریزگاری کردنی بەکارهێنەر وگەرەنتی تەندروستی کرێکاران وزۆربەی کات سیاسەتی باج بەکاردێت بۆ دروستکردنی ئامانجە ئاساییە خوازراوەکان، بۆ نموونە زۆربەی باجەکان بەتەنیا مەبەست لێی گەیشتن بە پارە نییە، بەڵام لەهەمان کاتدا چالاکیە نەرێنیەکان کۆنترۆڵ دەکات، حکومەتیش لەهەوڵی کەمکردنەوەی بەکارهێنانیدایە لەکۆمەڵگەدا، وسیستەمی سیاسی پشت دەبەستێت بە تواناى ئەم ئەدایە لەسەر ئامراز وپەیڕەوکردنی ڕێوشوێنی دیاریکراو کە هەردوو جۆری ناچاری ماددی ومەعنەوی لەلایەك دەگرێتەوە وقایلکردن لەلایەکی ترەوە(علي، مصدر السابق،ص107) .

بۆ بەهێزکردنی ئەدای ڕێکخستنی سیستەمی سیاسی پێویستە بوارەکانی هەڵسوکەوت وچالاکی مرۆیی بزانین کە باری تاکەکەسی منداڵانی کۆمەڵگە ڕێکدەخات وڕێکخستنی پاراستنی تاکەکان و موڵکەکانیان لە دزی ودەستدرێژی، وڕێکخستنی چالاکیە ئابووریەکان لەڕووی کڕێ ونرخەکان، وڕێکخستنی کارە سیاسیەکان لەڕێگەی دانانی کۆمەڵێك ڕێسا ویاسا

پەیوەست بەپێکهێنانی پارتەسیاسیەکان ووەرگرتنی پۆست وهەڵبژاردنەکان(المنوفي ، المصدر السابق،ص308) .

لەکۆتایدا دەتوانین بلین کە ئەدای ریکخستن لە هیچ سیستەمێکی سیاسی نەگەیشتۆتە پلەی رازیبونی تەواوەتی بەلکو گەیشتۆتە رازیبوونی رێژەیی ،وە سیاسەتی ریکخستنی دروست بەردەوام لە گەشەسەندن و پیشکەوتن دایە، بۆیە ئەگەر هەر سیستەمێکی سیاسی بیەویت پێش بکەویت ئەوا دەبیت چەند پیداویستەیەك پەیرەو بکات وەك هاوکاری هەماهەنگی لەنیوان جومگەکانی حکومەت لە سەر ئاستی دەرەکی و ناوەخۆیی، هەروەها دیاری کردنی هەرەشەو مەترسیەکان هەوڵدان بۆ چارەسەر کردنیان، هەڵسان بە چاودێری کردن و دوورکەوتنەوە لە پشتگوی خستن .وە هەروەها پیوانە کردنی ئەدای ریکخستن کە لە چ ئاستیکدایە، بۆ ئەوەی هەولی پیشکەوتنی زیاتر بدەن .

چوارەم : ئەدای هێمایی-Symbolic Performance

ئەمەش جۆرێك تری ئەدای سیستەمی سیاسیيە، کە مەبەست لێی دروستکردن وبەکارهێنانی هێما سیاسیەکانە کە پاڵپشتی لە هەستە نیشتمانیەکان دەکات وپڕکردنەوەی هەستی ئینتمای نەتەوەیی،وپاڵ بەهاوڵاتیانەوە دەنێت بۆ قبوڵکردنی قوربانی وزەحمەتی لەپێناو بەرزڕاگرتنی نشتیمان ، بە واتایەکی تر ئەم ئەدایە بریتییە لە بەرزکردنەوەی هەستی هاولاتیان لە رووی سۆزو مەعنەویەوە بەرامبەر سیمبولە مادی مەعنەویەکان وولات ، کە ئەوانیش لە ریگەی بەکارهینانی کۆمەلیك رەمزی سیاسیەوە ئەنجام دەدریت وەك دەسکەوتە میژوویەکان و شانازی کردن و هەست و هاوسۆزی و وەلائی خەلك بۆ خاك و وولات و پرسە نشتیمانیەکان زیاد دەکات(نفس المصدر ،ص310).

هەروەها بەکارهێنانی هێما مێژوویی وئایینی وسیاسی وسەربازی کەبەمەستی بەهێزکردنی هاوڵاتیبوون وهەست کردن بەهەستی بەرپرسیاریەتی ولابردنی نیگەرانییەکان وشانازی بەهێزدەکات وبوێری دەبەخشێت بۆ بەرگری کردن لە وڵات تاڕادەی قوربانیدان لەگەڵ هەموو بەها وبەهادارەکان، لەپێناو بەرزڕاگرتنی نیشتمان، ودەوڵەتان گرنگی بە شارستانیەتەکان دەدەن مۆزخانەکان درووست دەکەن، کەهەندێکیان لە پایتەخت وشارە سەرەکیەکاندا دادەنێن کەمانای مێژوویان هەیە بۆ ئەوەی شکۆی باوباپیرانیان بەبیر خەڵك بهێننەوە، هەروەك سەرکردە سیاسییەکان لە گفتوگۆکانیاندا هەمیشە گوزارشت لەوسیمبوڵ وپاڵەوانیەتیانە دەکەن کەلەمێژووی نەتەوەیەکەیاندا لە هەڵکشانی چارەسەر وبەسەر هەستی نائومێدیدا زاڵ دەبێت کەلەقەیرانەکاندا درووستبوون، سەرەڕای ئەوانەش یەکێك لە توانا ڕەمزییەکان ئەوەیە کە هەردەوڵەتێك ئاڵا وبۆنەی نیشتمانی تایبەت بەخۆی هەیە، وئەوبۆنانەش دابەش دەبن بۆدوو ئاست فەرمی وجەماوەری(هلال،1988،ص38).

دەکرێت ئەم سیاسەتە لە ناوەوەو دەرەوەش ئاراستەی هاونشتیمانیان بکریت بۆنموونە کاتیك وولاتیك یان سیستەمێکی سیاسی پیویستی بە هاوکاری و پالپشتی هاونشتیانیانی هەیە لە وولاتیکی تر ئەوە لە ریگەی کۆمەلیك ووتاری نشتیمانی میژووی هاوسۆزی ئەو هاونشتیانیە بۆ کیشەو پرسە ناوەخۆیەکان راکیش دەکات، یان لە ریگەی کۆمەلیك رەمزی هاوبەش دەدوزنەوە لەنیوان دوولادا وەك ئاین نەتەوە زمان ئایدەلۆژیا ك دەکەویتە چاوار چیوەی سیاسەتە رەمزیەکان وە بۆ بەدەستهینانی کۆمەلیك ئامانج کە سیاسەتەکەی بۆ داریژراوە ئەوا هەموو سیستەمە سیاسیەکە کاری بۆ دەکات .و سیاسەتی رەمزی فاشل و سەرکەوتوو بەوە جیادەکریتەوە کە دەبیت هاولاتیان بەشیوەیەکی خورسکانە ئاراستەی بکات نەك بە زۆری و ترس و تۆقاندن، چونکە هاوولاتی کاتیك هەست بە ئینتما بۆ وولاتەکەی دەکات ئەو کاتەی کە لە ژێر ئەو سیاستەوە کە داریژراوە ماف و شکۆی پاریزراوین بیگومان هەموو سیستەمێکی سیاسی پیویستی بەم سیاسەتە هەیە لە هەموو کاتیکدا بەتایەتی لە کاتی کیشەو قەیران کاتیك کە سیستەم ناتوانیت بە ئەرکی راستە قیننەی خۆی هەلستیت وە پیداویستیەکانی هاولاتیانی پر بکاتەوە ئەوا ناچار دەبیت کە پەنا بباتە بەر ئەدای رەمزیەکەی تا ئەو بۆشاییە پربکاتەوە کە لە ئەنجامی کەم و کوریەکانی سیستەمەوە ئاسایشی دەولەتەوە هاتوتە پێش(رەسول،سەرچاوەی پیشوو ،ل 152).

بەلام لەگەل هەموو ئەمانە پیویستە گرنگی زۆر بە دام و دەزگاکانی راگەیاندن بدریت ، چونکە دەرخەریکی گرنگن بۆ رەمز پەیامەکان وە هیچ کەمتر نین لە لە خودی سیاسەتەکە " بۆیە پیویستەجەخت لەسەر ووتارو لیدوانەکانی حکومەت بدریت کە بەشیکی گرنگە لە سیاسەتی گشتی وولات .

لە کۆتایدا دەتوانین بلین کە سەرجەم جۆرەکانی ئەدای سیستەم هەر لە ئەدای وەبەر هینان و دابەش کردن و ریکخستن و رەمزیشەوە هەموویان پیویستن بۆ مانەوەو بەردەوامی سیستەمی سیاسی، واتە دەبیت سیستەم بتوانیت داهات و سەرچاوەکان دەربهینیت و رەفتای تاکەکانی کۆمەلگا ریك بخات و وە بەهاکان و شمەك خزمەتگوزاری بە یەکسانی دابەش بکات بەسەر هاولاتیانیدا، وە هەموو ئەمانە دەوەستیت لەسەر ئەو پەیوەندیەی کە لە نێوان دامەزراوەکانی سیستەمی سیاسیدا بوونی هەیە،چونکە ئەگەر هاوسەنگی و هەماهەنگی لە نێوان دامەزراوەکانی سیستەمی سیاسی نەبوو ئەوا سیستەمی سیاسی هەرەس دینی لە ئەداوە وە لەو سیاستەی کە دایڕشتووە لە پێناو بەدی هینانی بەرژەوەندی گشتی.

4. باسی سی یەم/نیشاندەرەکانی ئەدای سیستەمی سیاسی

بێگومان هەموو سیستەمە سیاسییەکان لە یەك ئاستدا نین بۆ ئەدا، بەلکو ئاستی جیاوازیان هەیە بۆ ئەدا وەك، (ئاستی بەرز – ئاستی مام ماوەند- ئاستی نزم)، وە بۆ زانین و روون کردنەوەی ئەم ئاستانە بە پێویستی دەزانین لەم باسەدا جەخت لەسەر گرنگترین ئەم پێوەرو نیشاندەرانە بکەین کە گوزارشت لە ئەدای سیستەمی سیاسی دەکات لە وولاتدا وە لە گرنگترین ئەم پێوەرو نیشاندەرانەش ئەمانەن :

یەکەم:نیشاندەری دامەزراوەکان:Institutionalization Indicator

دامەزراوەکان بەگرنگترین نیشاندەرەکانی سیستەمی سیاسی دادەنریت، ورۆلێکی گەورەی هەیە لە دیاریکردنی سەرکەوتنی دەوڵەت یان شکستهێنانی،وکاریگەری بەرچاوی هەیە لە لەمانەوەو بەردەوامی سیستەمی سیاسدا،ئەویش لەرێگەی بەرپرسیاریەتیەکەی لەدارشتنی سیاسەتی گشتی ولەگەڵ بەریوەبردنی کاروبارەکانی کۆمەڵگە.

یەکێك لە پیناسەکانی سیستەمی سیاسی بریتیە لە بنیادنانی دامەزراوەیی ،وئەو دامەزراوانە لەنێوان خۆیاندا کارلێك دەکەن لەپێناو بەدیهێنانی هاوسەنگیەکان وپاراستنی لەچوارچێوەی دەوڵەت، وەبوونی ئەو دامەزراوانە تەنها بەس نیە بۆ بەدیهێنانی کارایی و ئەدای سیستەمی سیاسی ئەگەر ئەم دامەزراوانە بە کۆمەڵێك تایبەتمەندی جیا نەکەیتەوە(الساعدي، 2013،ص23) .

وەمەبەستمان لە دامەزراوە سیاسیەکان، بوونی کۆمەلیك دامەزراوەی کاریگەر وبەتوانایە بۆ بەدەستهێنانی بەها و سەقامگیری سیاسی، ودواتر بەدەستهێنانی رەوایەتی خودی، وئەمەش وێنای گەوهەری پرۆسەی بنیادنانی دەوڵەت دەکات، ویەکێك لەخاڵە جیاوازییەکانی نێوان کۆمەڵگەی پێشکەوتووی سیاسی و کۆمەڵگەی دواکەوتووی سیاسی ئەوەیە کە یەکەمیان دامەزراوەی سەقامگیر حوکمی دەکا، ئەوەی دووەم کەسەکان حوکمی دەکەن(المنوفي،1985، ص17).

دامەزراوەکان هەمیشە لەوکاتەنەدا درووست دەبن و سەرهەڵدەدەن لەرێگەی بوونی پێداویستسیە مرۆڤایەتیەکان، وادانراوە کە ئەو دامەزراوانەی کە هەن پیویستە ئەم پێداویستیانە دابین دەکەن کە هاولاتیان پیویستیانە، وفرەیی پێداویستیەکان لەکۆمەڵگاکاندا دەبێتە هۆی دروست بوونی چەندین دامەزراوە، بەلام کۆمەڵگاکان جیاوازیان هەیە لەرێگاکانیان بۆ تێرکردنی پێداویستیەکانیان تەنانەت زورجار دەبێتە هۆی ئەوەی کە دامەزراوەی تر دروست بن، بە واتایەکی تر وولاتان جیاوازن لە چۆنیەتی بنیادنانی دامەزراوەکانیان وئەدای ئەرکەکانیان، لێرەدا کۆمەڵێك سیفەتی هەن بۆ دامەزراوەکان کە لە خوارەوە باسیان دەکەن لە گرنگترینیان:-

1-المأسسة- بەدامەزراوەیی کردن:یەکێکە لە سیفەتەکانی دامەزراوەکان کە بەمانای بنیادنانی دەسەڵاتێکی شارستانی ویەکگرتوو دێت، کە تێیدا یەکسانی نێوان هاولاتیان بەرقەرار دەکات، بەبێ گوێدان بە ئینتمای ئاینی یان رەگەزی یان ئایدۆلۆژی، ودرووستکردنی سیستەمێکی یاسایی لەسەر بنەمای رێزگرتنی مافی گشتی، ودابەشکردنی ئەرکەکان لەسەر بنەمای پسپۆری وکارامەیی، ئەمەش دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی کاری سیاسی وگەشەپێدان وپەرپێدان کە تایبەتە بە پراکتیزەکردنی ئەم کارانە وکارکردن بۆ ئاسانکردنی بەشداری کردن لە ژیانی سیاسیدا، کەواتە بەدامەزراوەی کردن پێچەوانەی کەسایەتیە واتە بوونی چوارچێوەیەکی یاسایی ودامەزراوەی سەقامگیر وجێگیر کە لەم رێگەیەوە دەتوانرێت متمانەی هاوبەش درووست بکرێت لەنێوان کۆمەڵگە ودامەزراوەکانی سیستەمی سیاسی لەرێگەی بەهێزکردنی رۆڵی هاولاتی لە ژیانی سیاسی وئابووری وکۆمەڵایەتیدا(العكيلي، مليوخ،2017 ، ص266).

2-رەوایەتی: سیفەتێکی ترە لە سیفەتەکانی دامەزراوە کە بەمانای قبولکردنی دەسەڵاتێکی تر دێت، ورەوایەتی حکومەت بەمانای ئەوە دێت کە هاولاتیان ئەو حکومەتەیان قبولکردووە دانیان ناوە بەوەی کە دەسەڵاتێکی رەوایە ومافی هەیە بریار ویاسا دەربکات، ویاسا بسەپێنێت(نفس المصدر والصفحة نفسها).پێویستە لەسەر سیستەمی سیاسی بۆ ئەوەی بەردەوام بێت وبمێنێتەوە پێویست بەبوونی توخمی رەوایەتی هەیە، ورەوایەتی هەر سیستەمێکی سیاسی بۆ ئەوەی بەدیبێت پێویستە سیستەم بگاتە ئاستێکی دیاریکراو لەرازی کردنی گەل، وئەو بەدیهێنانە پەیوەستە بە ئەدا وتوانای سیستەمی سیاسی بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشەو داواکاریانەی کە ئاراستەی کراوە(والي ، 2003،ص251).

3-جیاوازی ئەرك، سیفەتێکی ترە لە سیفەتەکانی دامەزراوە بریتیە لە خاسیەتی جیاوازی ئەرکی کەدامەزراوەکانی سیستەمی سیاسی لەدەوڵەتدایە لەسەری بنیاتنراوە،وە بەواتایەکی تر پسپۆری و جیاکاری رۆڵەکان کە لە نێوان دامەزراوەکانی کۆمەڵگەدا بوونی هەیە، وە بۆ گەرەنتی کردن و بەدیهێنانی سەقامگیری سیاسی پێویستە لەسەر سیستەمی سیاسی کە ئەرکەکان دابەش بکات لە سنووری دەسەڵاتەکاندا، وئەمەش بەتەنها پێویست نیە ئەگەر سەربەخۆیی وەزیفی لەنێوان دەسەڵاتەکاندا بوونی نەبیت و گەرەنتی نەکریت تاوەکو رێگری لە هەژموون کۆنترولی دەسەڵاتەکانی تردا بکات( العكيلي، مليوخ، مصدر السابق ،ص226). چونکە کارایی ئەدای سیستەمی سیاسی بەشێوەیەکی گشتی پشت دەبەستێت بە توانای دامەزراوەکان، هەرچەند تواناکان زیاد بێت ئاستی دامەزراوەیی دەوڵەت زیاتر دەبێت، وهەرچەند ئاستی تواناکان کەم بێت ئاستی دامەزراوەکان کەمتر دەبێت، لەبەرئەوەی دامەزراوەکانی دەوڵەت بە هەرسێ دەسەڵاتەکەوە (یاسادانان وجێبەجێکردن ودادوەری)ئەوەیە کە یاساکان دادەرێژێت وجێبەجێیان دەکات وئەمن وئاسایش دابین دەکات لە کۆمەڵگەدا، وتوانای دامەزراوەکان بەدیار دەکەوێت بەرجەستە دەبێت

لەڕێگەی سیستەمی سیاسی ودامەزراوەکانی کە لەلایەن کۆمەڵگەوە پیشتوانی دەکرێت هێزی خۆی دەسەپێنێت لەسەر سیاسەتە گشتیەکان(علي ، المصدر السابق ،ص131).

فەیلەسوف و زانای ئەمریکی(ساموێل هانتگتۆن- Samuel Huntington)چوار پیوەری دەست نیشانکردووە بۆ پێوانەکردنی ئاستی ئەدای دامەزراوەیی لەهەر سیستەمێکی سیاسیدا کە بریتین لەم پیوەرانە:-

1- خۆگونجاندن-Adaptation :بریتییە لە توانای دامەزراوەکان لە ڕووبەڕووبوونەوەی گۆڕانکاریەکانی ژینگەی ناوخۆیی ودەرەکی، وئەو خۆگونجاندنە خۆی دەبینێتەوە لە گۆڕانی کەسەکان وئەرکەکان، هەرچەند ڕێکخستن و توانای ڕێکارەکان خۆیان بەرجەستە بکەن لەگەڵ خۆگەنجاندن، پلەی لایەنگری دامەزراوەیی بەرزدەبێت، وهەرچەند ئاستی لایەنگری دامەزراوەیی کەم بوو پلەی کەمتر دەبێت،وتوانای خۆگونجاندن بریتیە لە خەسڵەتیکی (وەرگیراو-مكتسب) لەگەل ئالینگەریەکانی ژینگەیی دروست دەبیت، وتەمەن خۆگونجاندن زیاتر دەبێت لەگەڵ زیادبوونی ئالینگەریەکان کە ڕووبەڕووی سیستەم سیاسی دەبێتەوە لەگەڵ پێشکەوتن و زیاد بوونی تەمەن خۆگونجاندن زیاتر دەبێت(هنتجتون، 1993، ص22). ودەکرێت ئەو توانایە پێوانە بکرێ بە بەکارهێنانی ئەم نیشاندەرانە وەك "کاتە تەمەن" ئاماژە دەدات بەوەی توانایەکی خۆگونجاندی بەرزی هەبیت، هەرچەند دامەزراوە تەمەنی درێژ بێت مانای وایە توانای زیاترە بۆ خۆگونجاندن لەچاو دامەزراوەیەکی کە تەمەنی کورت بیت، ونیشاندەری دووەم بریتیە "نەوە تەمەن " کە پەیوەستە بەگۆڕانکاری لە سەرکردایەتی باڵای دامەزراوەکان کەئاماژەیە بە گۆڕانی کاتی، بەو واتایەی کە ئایا سەرکردایەتی بەئاشتی گوازراوەتەوەلە نەوەیەك بۆ نەوەیەکی تر، لەبەر ئەوەی دامەزراوەکان کاتێك سەرکردەکان دەسەلاتەکان لە نەوەیەك بۆ نەوەیەکی تر دەگوازنەوە بەشێوەی ئاشتی بەپێی یاسا ڕێکارەکانە کە بڕیاری لەسەر دراوە کە ئەمەش خۆگونجاندنێکی بەرزی دامەزراوەیەکەیە لەچاو ئەوانەی کە بەشێوەی خوێناوی وتوندوتیژی ئالوکوری دەسەلات دەکەن،وکۆتا نیشاندەر بریتیە لە "گۆڕانی ئەرك":ئایا دامەزراوەکان لەکارەکانیاندا دا گۆڕانیان بەسەر دا هاتووە،جونکە کاتێك کە دامەزراوەکان گۆڕانکاری لە ئەرك و کارەکانیان دەکەن توانای زیاترە بۆ خۆ گونجاندن لەوانەی کە گۆرانکاری ناکەن لە ئەرکەکانیان(نفس المصدر ، والصفحة نفسها) .

2-ئالۆزی- Complexity:خاڵی دووەمی پێوانەکردنی توانای دامەزراوەکان ئالۆزیە بەو مانایە دێت کە دامەزراوەکە زیاتر لە ئەرکێکی هەبیت وەجەند یەکەیەکی ناوخۆیی تێیدا بێت و لە خۆوە گرتبیت، وەبریکی باشی تایبەتمەندیەتی هەبێت .ئەم ئالۆزیە بۆ بۆ بەردەوام بوونی دامەزراوە بیویستە کە مەبەست لێی دامەزراوە زیاتر لەوەزیفەیەکی هەبێت ولەگەڵ بوونی چەند یەکەیەکی ناوخۆیی، وئەو ئالوزیە گرنگە هەبێت بۆ بەردەوامبوونی دامەزراوەکە، دامەزراوەکان کە هەڵدەستن بە ئەدای ئەرکی جۆراوجۆرەکان ئەمە دەبێتە هۆی بەردەوامبوونی ئەم دامەزراوەیە(المنوفي، مصدرالسابق ، ص17-18).

3-سەربەخۆیی-Autonomy ::یەکێکی تر لە پیوەرەکان بۆ پێوانەکردنی ئاستی دامەزراوەکان مەودای ئازادی دامەزراوەکەیە لە کارکردن کە ئەمەش پێوانە دەکرێ لەڕێگەی سەربەخۆیی دامەزراوەکە وئاستی ئازادی کە ڕەفتاری پێدەکات، وهەروەها لەڕێگەی کارکردنی پۆستەکان یان ئاستی سەربەخۆیی دامەزراوەکان لەدامەزراندنی ئەندامەکانی.

4-یەکانگیری –Coherence : ئەمەش کۆتا بیوەرە بۆ پێوانەکردنی دامەزراوەکان کە بەواتای پێکەوبوون و ریکەوتنی نێوان ئەندامانی دامەزراوەکە دیت لەڕێگەی نیشاندەرەکانی وەك(ئاستی ئینتمای ئەندامانی دامەزراوەکە،ئاستی بوونی باڵەکانی ناوخۆیی دامەزراوەی تایبەت لەکاتی گۆڕانی سەرکردە، وئاستی ململانێکان لەناوخۆیی دامەزراوەکە،جا ئەم ململانییە یان پەیوەستە بە بنەما وئامانجەکانی دامەزراوەکە یان پەیوەستە بە کاروبارە پەراوێزەکان و لاوەکیەکان(عارف ،2002،ص205).هەروەها سیستەمی سیاسی بەشێوەیەکی گشتی پشت دەبەستێت بە توانای دامەزراوەکان کە لەڕێگەیەوە کارامەیی سیاسەتی گشتی خۆی دەردەخات، بەو واتایەی دامەزراوەکانی دەوڵەت (یاسادانان وجێبەجێکردن دادوەری) ئەوانەن کە یاساکان و ڕێساکان دادەنێن و جێبەجێی دەکەن وهەروەها ئاسایش وسەقامگیری بۆ کۆمەڵگە دابین دەکات،و بوونی توانا پێویستە بۆ دابین کردنی توانا دیاریکراوەکان بۆ سیستەمی سیاسی وەك(توانای لابردنی دابەش بوون وچارەسەرکردنی دڵەڕاوکێی لەناوکۆمەڵگە وبوونی بەشداریەکی کاریگەر ودادپەروەری دابەشکردن وپەیوەستە بەیەکسانی توانای لەخۆگونجاندن لە ڕووبەڕووبوونەوی گۆڕانکارییەکان کە کۆمەڵگە پێیدا تێپەڕ دەبێت(العكيلي، مليوخ، مصدر السابق ، ص227).

لە کۆتایدا بۆمان دەر دەکەویت کە دامەزراوەکان بە یەکێك لە گرنترین پیوەرونیشاندەر دادەنریت بۆ دیاری کردنی ئاستی ئەدای سیستەمی سیاسی، چونکە سیستەمی سیاسی ئەدای ئەرکەکانی خۆی دەکات لە ریگەی دامەزراوەکانی، وە ئەو ئەدایە بە پلەی یەکەم وەستاوە لە سەر توانای دامەزراوەکان. کە هەر چەندە ئەو دامەزراوە توانایان زیاتربیت ئەوا سیستەم ئەرکەکانی لە ئاستیکی بەرز ئەدا دەکات وە بەپێچەوانەشەوەراستە.

دووەم: حوکمڕانیەتی پارتە سیاسیەکان – Parties Rulling Indicator

یەکیکی تر لە پیوەرەکانی ئەدای سیستەمی سیاسی بریتی یە لە پارتە سیاسییەکان،کە لە ریگەی ئەو پیگەیەی کە هەیانە لەناو حکومەت دەتوانن کاریگەری دروست بکەن لەسەر حکومەت و ئەدایان لە بواری

سیاسیدا . بێگومان پێناسەی زۆر بۆ پارتە سیاسییەکان کراوە لەوانە : پارتە سیاسیەکان " بریتی یە لە کۆمەلێك لە تاکەکان کە یەك بەرنامە و یەك ئایدەلۆژیاو یەك بەرژەوەندیان هەیە "ئامانجی سەرەکیەکان گەیشتن بە دەسەلات و بەشداری کردنە لە دەسەلات یان کاریگەری دروستکردنە لەسەر دەسەلات"(الهاشمي، 1968،ص76). هەروەها پێناسەیەکی تری پارتە سیاسیەکان ئەوەیە کە بریتی یە لە ریکخستنی بەردەوام لە هەردوو ئاستی نەتەوەیی و ناوەخۆیی لەپێناو بەدەستهێنانی پشتگیری جەماوەری " بەئامانجی گەیشتن بەدەسەلات لە ریگەی جی بەجی کردنی سیاسەتیکی دیاری کراو "(الشرقاوي، 1982،ص200).

کەواتە بەپێی پیوەری پارتە سیاسییەکان تواناو ئەدای سیستەمی سیاسی دەوەستیت لەسەر چۆنیەتی پیکهاتنی حکومەت،واتە ئایا حکومەتەکە لەیەك پارت پیکهاتووە یان لە دووپارت پیکهاتووە یان زیاتر،چونکە ئەو حکومەتانەی کە لەیەك پارت پیکهاتوون ئەداکەی جیاوازە لەگەل ئەو حکومەتەی کە لە دوو پارت یان زیاتر پیکهاتووە "سەرەرای ئەوەی کە پارتی سیاسی دیموکراسیەت دروست دەکات، وەیەکێکە لە توخمەکانی دیموکراسیەت واتە دیموکراسیەت بەبێ پارتی سیاسی بوونی نیە ، لەبەر ئەوەی پارتە سیاسیەکان گوزارشت لە فرەیی سیاسی دەکەن کە ئەمەش بنەمایەکی گرنگە بۆ گەیشتن بە دیموکراسیەتی راستەقینە ،جگە لەوەی کە لە ریگەی پارتی سیاسیەوە دەرەفەت بۆ کومەلیك خەلك دەرەخسیت کە پۆست وەربگرن و کاریگەری دروست بکەن لە سەر بریارە سەرەکیەکان(على ، مصدر السابق ،ص126).

ئەمە لە لایەك،لە لایەکی ترەوە دەبینین کە هەر پارتیکی سیاسی بەرنامە پرۆگرامی تایبەت بەخۆی هەیە کە لە ریگەی ئەو بەرنامەی کە هەیەتی دەتوانیت کاریگەری لەسەر ئەدای سیستەمی سیاسی دروست بکات بۆ نموونە ئەگەر باسی پارتی پاریزگاران بکەین دەبینین کە لە ریگەی بەرنامەی پارتەکەیانەوە کە جەخت لەسەر دەولەتی خۆشگوزەران دەکات وەك دابین کردنی بیمەی کومەلایەتی ،یەکگرتنی چینەکان ، دلبەندی ، وەبەرهەم هینان کە سیستەمیکی کارا و لیهاتوو دروست دەکات ئیتر لە ریگەی ئەمانەوە دەولەت دەتوانیت هاوسەنگیەك لە نیوان بەرژەوەندیەکانی دەولەت و بەرژەوەندیەکانی هاولاتیان دروست بکات.

کەواتە پارتە سیاسیەکان پیوەریکی گرنگە بۆ ئەدای سیستەمی سیاسی لەریگەی چاودیری کردنی کارەکانی حکومەت ونوینەرایەتی کردنی خەلك،کۆکردنەوەی داواکاریەکان ناردنیان بۆ سیستەمی سیاسی ودروستکرانی بریار بۆ مەبەستی وەلام دانەوەیان،هەروەها سەرەرایی هەلسانیان بە پیدانی رۆل بە تاکەکان لەناو دامەزراوە فەرمیەکانی دەولەت هەموو ئەو ئەرکانەی سەرەوە لە لایەن پارتی سیاسیەوە ئەنجام دەدریت(الموند - باويل الابن، ط5، 1998, ص131).

بۆیە لە کۆتایدا، دەتوانین بلین کە حوکمرانیەتی پارتە سیاسیەکان لە دەولەت رۆلیکی سەرەکی هەیە لە چاودیری کردنی کارەکانی حکومەت، سەرەرای ئەوەی کە بوونەتە کەنالیك بۆ گەیاندن وناردنی داواکاریەکانی خەلك بۆ دروستکەرانی بریار ، بەمەبەستی وەلام دانەوەی داواکاریەکانیان لە لایەن سیستەمی سیاسیەوە.

سییەم : گەشەپیدانی ئابووری وکۆمەڵایەتی: Socio –Economic Indicator

گەشەبیدانی ئابووری وکۆمەڵایەتی یەکێکە لە نیشاندەرو بیوەرە سەرەکیەکانی ئەدای سیستەمی سیاسی،ئەم گەشەپیدانە رۆلێکی سەرەکی دەبینی لە بەرزکردنەوەی ئاستی ئەدای سیستەمی سیاسی.

گەشەبیدان بریتیە لە پرۆسەیەکی دینامیکی کەبەهۆیەوە زنجیرەیەك لە گۆران لە هەیکەل و ئەرکەکانی کۆمەڵگەدا ودروست دەبێت لەئەنجامی دەستێوەردان لە قەبارە وجۆریەتی کەرەستە بەردەستەکانی کۆمەڵگە، بەمەبەستی بەرزکردنەوەی ئاستی خۆشگوزەرانی بۆ زۆربەی تاکەکانی کۆمەڵگە لە رێگەی زیادبوونی چالاکی تاکەکان و وەبەرهینان لەکۆمەڵگەدا تا کەمترین ئاست(ابو النصر ، 2007، ص189 ).

بەلام گەشەبیدانی ئابووری بەمانای پێشکەوتنی کۆمەڵگە دیت لەرێگەی داهێنانی ئامرازی نویی بەرهەم هێنان بۆ باشترکردن وبەرزکردنەوەی ئاستی بەرهەمهێنان بەهۆی کارامەیی و هێزی مرۆییەوە، بە واتایەکی تر بریتیە لەپرۆسەیەك کەلەرێگەیەوە دەتوانیین بۆ زیادکردنی بەرهەمی نەتەوەیی گشتی بۆ تاك لەماوەیەکی دیاریکراو زیاد بکەیت ، ئەمەش لەرێگەی بەرزکردنەوەی ئاستی بەرهەمی تاك وبەکارهێنانی کەرەستەی بەردەست بۆ زیادکردنی بەرهەمهێنان(ابراهيم ، 2000،ص499).

سەرەرای ئەوەی کە گەشەپێدانی ئابووری هۆکاریکە کە لەرێگەیەوە کومەلگا دەگوازیتەوە لەحالەتی دواکەوتوویی بۆ حالەتی پێشکەوتن، هەروەها گۆڕانکاری لە هەیکەلیەتی ئابووری دەکات، واتە گۆڕانکاریەکی گشتگیر وپەیوەندیدار لە زیادکردنی داهاتی ڕاستەقینەودابەشکردنی داهات لەبەرژەوەندی چینی هەژار وباشترکردنی کوالیتی ژیان وگۆڕانکاری لەهەیکەلیەتی بەرهەم هێنان(سلیمان ، 2009، ص12).لە ئەنجامی ئەوەی کەباسکرا دەگەین بەوەی کە کە نیشاندەری گەشەپیدانی ئابووری دوو ئاراستەی سەرەکی هەیە:

یەکەم:ئاراستەی بەرەو خۆشگوزەرانی کە دەرگا دەکاتەوە بۆ بوارە نا ئابووریەکان وەك بواری سیاسی و کلتوری .... تا ئەو ڕادەیەی کە چەمکی گەشەبیدان بە گشتی پەیوەست دەبێت پێوە، بەڵام ئاراستەی دووەم سەیری گەشەپیدانی ئابووری دەکات لە گۆشەی بەرهەمهێنانەوە جا ئەمە تەنها بۆ چەندیتی بەرهەمهێنان بیت ، یان بەو واتایەی کە گەشەپیدان

پرۆسەیەکە بۆ دروست کردنی سەرمایە لەژێر رۆشنایی بەکارهێنانی کەرەستەی ماددی و مرۆیی ودارایی و سەرمایەداری لەپێناو ئالوگۆرکردنی کالاّ وخزمەتگوزاریەکان .ئەمە سەبارەت  بە گەشەبیدانی ئابووری، بەلاّم مەبەستمان لە گەشەپیدانی کۆمەلاّیەتی کۆمەلێك  خزمەتگوزاری دەگریتەوە بە ئامانجی یارمەتیدانی تاکەکان و کۆمەڵەکانە بۆ گەیشتن بەئاستێکی گونجاو لە بژێوی و وممارەسەکردنی پەیوەندییە کۆمەلاّیەتیەکان پەرەپیدان بە تواناکانی خۆیان لە پیناو بەدەست هینانی پێویستیەکانیان لە کۆمەلگەدا، یان بە واتایەکی تر بریتی یە لە زنجیرەیەك لە پیشکەوتن بە ئامانجی گەیشتنی تاکەکان بەخۆشگوزەرانی وهەست کردن بەشکۆی خۆیان، وئامانجی سەرەکی لەوانە بەدیهێانی بونیادی رێکخستن وپارێزگاری کردنە لە هاوسەنگی جموجۆلی کۆمەلگە لەرێگەی چارەسەرکردنی کێشەکان لەسەر ئاستی تاك و کۆمەڵەکان، ودابینکردنی دەرفەت وهەڵبژاردنی باشترین بارودۆخی ژیان بۆ ئەوچینانەی کۆمەلگا کە بەهۆی کێشە کۆمەلاّیەتی و ئابووری ورۆشنبیری ودەروونیەوە دەناڵن(مصطفى ، 2014، ص17).

کەواتە بەپێی ئەونیشاندەرە سیاسەتی دەوڵەت بریتی دەبیت لە کاردانەوەی ئەو کێشانەی کە ئاراستەی سیستەمی سیاسی دەکرێن ، هەروەك (سامویڵ هانتگتۆن) دەڵێت گەشەپیدانی ئابووری پیشتوانی لەدامەزراوە سیاسیەکان دەکات و توانایان زیاد دەکات بۆ بەرەوپێشچوونی دیالۆگ وزەمینە خۆش دەکات بۆ پراکتیزەکردنی ئازادییە سیاسییەکان(علي، مصدر السابق،ص122).

 هەموو ئەوانە ئەوە دەسەلمینن کە گەشەپیدانی ئابووری وکۆمەلاّیەتی پیوەری گرنگە بۆ پێوانەکردن وهەڵسەنگاندنی ئەدای هەر سیستەمیکی سیاسی، هەروەك برۆفیسۆر(روبرت دال) وای دادەنێت کە گەشەپیدانی ئابووری و کۆمەلاّیەتی رۆڵێکی سەرەکی دەبینێت لەدروستکردنی فرەسیستەمی کە کۆمەلگە دەگوازێتەوە لە بارودۆخی ململانێ و ناکۆکی بۆ بارودۆخی ڕازیکردن،لەبەرئەوەی گەشەکردن بەگشتی وگەشەپیدانی ئابووری وکۆمەلاّیەتی بە تایبەتی رێگەدەدات بە دابین کردنی بارودۆخیکی نموونەیی بۆ دابەشکردنی کەرەستە سیاسیەکان،  مەبەستیش لە کەرەستە سیاسیەکان بریتیە لەپارە،زانست،زانیاری،کات(العاني ، مصدر السابق ، ص384-385).

 وشێوازی گەشەسەندنی راستەقینەی هەر سیستەمێکی سیاسی ئەوەیە کە تا چەند سیستەمی سیاسی کاری کردووە بۆ جێبەجێکردنی پێداویستیە سەرەتاییەکانی هاوڵاتیان وپێداویستیە لاوەکیەکانیان، بەبێ ئەوەی ئەو گەشەکردنە سەرچاوەی بەردەست وسنووردار زیادبکات، یان ببیتە هۆی دروست بوونی ستەمکاری و لەدەستدانی مرۆڤایەتی، لەبەر ئەوەی کاتێك ئاستێکی کەمی داواکاری وپێداویستیە سەرەتاییەکان بۆ ئەوانەی پێویستن بۆ ژیانێکی هاوچەرخ بۆ تاکەکان دابین دەکرێت، ئەوا تاکەکان راستەوخۆ هەست بە ئارامی دەکەن لەژیانیان وهەست بەترس ناکەن لەداهاتوویەکی نادیاردا، هەروەها سەرکەوتنی سیستەمی سیاسی پێوانە دەکرێ بە توانای سیستەمی سیاسی بۆ کەم کردنەوەی کێشەکان و مامەلەکردنی لەگەڵیاندا تاوەکو نەبێتە بەربەستێك لەبەردەم گەشەسەندنی سیستەم(نفس المصدر ، ص-ص386،387).

گرنگی گەشەسەندنی سیستەم لە رووی سیاسی ئابووری کۆمەلاّیەتیەوە، پیوەری سەرەکی گەشەسەندنی سیستەمە لە ریگەی ئەو ئەدایەی کە پێشکەشی دەکات لە دەوروبەری خۆی، بەشێوەیەك کەهەموو پێویستیە سیاسیەکان دابین بکات بۆ کۆمەلگەلە وەك بەشداریکردن و هەلبژارن ، ولایەنی کۆمەلاّیەتی وەك دابینکردنی پەروەردە و فێربوون، ولەلایەنی ئابووری وەك، دابین کردنی بژێوی و دڵنیا بوون لەدابین کردنی پێداویستیە سەرەتاییەکان لەڕووی ماددیەوە لەگەڵ چاودێرێکردنی ئەو گەسەسەندنە لەلایەن سیستەمی سیاسیەوە بۆ ریگە گرتن لە هەر لادانیك لە مەسەلەی بەرهەم هێنەکان(نفس المصدر ،والصفحه نفسها ).

لە کۆتایدا بۆمان دەردەکەویت کە پیوەری گەشەسەندنی ئابوری و کۆمەلایەتی بە گرنگترین نیشاندەر دادەنریت بۆ بەراوورد کردنی سیستەمە سیاسییەکان لە رووی ئەداوە کە بەهۆیەوە ئاستی سیستەمە سیاسییەکانمان بۆ دەردەکەویت کە لە چ ئاستیکدایە بەرز یاخود نزم ، بیگومان ئەو سیستەمە سیاسیەی کە ئاستیکی بەرزی ئەدای هەیە توانیویەتی هاوسەنگی لە نیوان گەشەسەندنی ئابووری و کومەلایەتی دروست بکات وە چاودیری ئاستی ئەداکە دەکات  وە کونترۆلی تەواوی هەیە بەسەر پرۆسەی پیشکەوتن لەوولاتدا.

چوارەم : نیشاندەری سەقامگیری سیاسی :  political Stability Indicator

 سەقامگیری سیاسی یەکیکە لە گرنگترین نیشاندەرو دەرهاویشتەکانی سیستەمی سیاسی  لە هەموو دەولەتیك، وەبە دەرئەنجامی کارەکانی سیستەم دادەنریت .سەرەرای ئەوەی کە سەقامگیری سیاسی دیاردەیەکی ریژەییە گوزارشت لە پرۆسەی گورانکاری دەکات بەشیوەیەکی ریك وپیك لەناو سیستەمی سیاسی لە ریگەی توانای سیستەم بۆ چونیەتی مامەلەکردن لەگەل مل ملانی و ناکۆکیەکان و قەیرانەکان بەبی بەکارهینانی ئامرازەکانی توندو تیژی(علي ، مصدر السابق،ص114).

لەڕووی زاراوەییەوە کۆمەڵێك پێناسە هەن بۆ سەقامگیری سیاسی، لەبەر ئەوەی سەقامگیری سیاسی یەکێکە لەو چەمکانەی کە بوارو رەهەندی جۆراو جۆرلەخۆدەگرێت وئەمەش رێگرە لە دەستنیشانکردنی پێناسەیەکی دیاریکراو بۆی، وهەروەها دەکرێت مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت لە زیاتر لە ئاستێك، وهەروەها بوونی چەندین نیشاندەر کە دەتوانرێت بەکار بهێنرێت

بۆ پێوانەکردنی، وسەقامگیری سیاسی چەمکێکی جیاوازە لە ڕەهەندی ولایەنی جیاواز پێکهاتووە وەك1:-

1-جیگیری و بەردەوامی دامەزراوەکانی دەوڵەت بە گشت ئاستەکانییەوە.

2-توانای دەسەڵاتی سیاسی لە مامەڵکردنی بەسەرکەوتوویی لەگەڵ قەیرانەکان کە ڕووبەڕووی دەبێتەوە، وئیدارەدانی ململانێیەکانی ناوخۆی کۆمەڵگە لەچوارچێوەی یاسا ودامەزراوەکان.

3- نەبوونی یان کەمی توندوتیژی سیاسی، کە خۆی دەبینێتەوە لە ڕووداوەکان وبزوتنەوەکانی یاخی بوون وتیرۆرکردنی سیاسی وجەنگی ناوخۆیی، وشێوەکانی تری توندوتیژی سیاسی. (حسين ،2015،ص192).

چەندین پێناسە بۆ سەقامگیری کراوە وەك زانای ئەمریکی (ساموێل هنتگتون Samuel- Huntington)پشت بەم پێناسەیە دەبەستێت بۆ سەقامگیری سیاسی کە دەلیت سەقامگیری بەستراوەتەوە بە بەشداری سیاسی ودامەزراوەی سیاسی، ودابەشیان دەکات بۆ سێ ئاست(نزم، مامناوەند، بەرز)، وبۆ دوو سیستەمی شارستانی وزاڵبوونی دەسەڵات(نوي، 2015،ص74).

وکاتیك باسی سەقامگیری دەکریت مانای ئەوەنیە کە سەقامگیری جەخت لەسەر نەبوونی گوران دەکات، بەلکو بە پیچەوانەوە جەخت لەسەر گوران دەکات بەلام گورانیکی ريك و پيك وە بەریگای ئاشتیانە کە پیوەریکی گرنگە بۆ سەقامگیری سیاسی ، چونکە گۆرانکاری دوورەهەندی سەرەکی لە خۆوە دەگریت یەکیکیان ئەوەیە کە لەوانەیە گورانکاریەکە ببیتە هۆی باشتر بوونی بارودوخەکە، یان لەوانەیە ببیتە هۆی خراپتر بوونی بارودوخەکە(النجار ،2015، ص200).بیجگە لەوەی کەسەقامگیری سیاسی دەبیتە هۆی زیاد بوونی توانای سیستەم بۆ خۆ گونجاندن و سازان لەگەل گورانکاریەکان لە ژینگەی ناوەخۆو دەرەوە ووەرگرتنی داواکاریەکان و وەلام دانەوەیان،لەگەل دابین کردنی ژینگەیەکی لەبار کە تیادا هاولاتیان بەرجەستەی ماف و ئازادیەکانی خۆیان بکەن.

کەواتە، سەقامگیری سیاسی وەک نیشاندەری ئەدا چەند توخمێکی هەیە وەک دابەشکردنی دەسەڵاتەکان و گواستنەوەی ئاشتیانەی دەسەلات، و چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ کێشەکان و هەوڵدان بۆ چارەسەرکردنیان بە شێوەیەکی ئاشتیانە، کەواتە سەقامگیری سیاسی لە ریگەی کۆمەلیك نیشاندرەوە دیاری دەکریت وەك :-

1- دەستاودەستکردنی ئاشتیانەی دەسەڵات: Peaceful transfer of Power

گواستنەوەی ئاشتیانەی دەسەلات یەکێکە لە نیشاندەرەکانی سەقامگیری سیاسی کە تەنها پشت بە بناغە تیۆریەکان نابەستێت، بەلکو پشت بە لێکۆڵینەوە لە دیاردە ڕاستەقینە و کۆمەڵایەتیەکان دەبەستێت بۆ ئەوەی بڵێین دەسەڵاتەکە بە شێوەیەکی ئاشتیانە بەپێی ڕێکار و ڕێسا دەستوورییەکان و ئیرادەی جەماوەری گواستراوەتەوە.

چەمکی دەسەڵات لە دوو وشە پێکدێت: دەستاو دەستکردن و دەسەلات، وشەی دەستاو دەستکردن واتای سەرچاوەی دەستاو دەستکردنە، بە مانای ڕاوێژکاری یان ئاڵوگۆڕ و گواستنەوەی دەسەڵات و هاوبەشکردن لە دەسەلات دیت، هاوواتاکان جیاوازن بەلام یەك ماناو مەبەستیان هەیە ودەکرێ لێرەدا ئاماژە بەچەمکە جیاوازوکان بکەین وەك(خولانەوە یان بەنۆرە لەدەسەلات: کە مەبەستمان حوکمرانی و بەریوەبردنی کاروباری دەوڵەتە لە لایەن سەرکردە سیاسیەکانەوە بە نۆرە بەشێوەی خول ورێکخستن وبەپێی ماوەی دیاریکراو لەسەر بنەمای ڕێسا و دەقەیاساییەکان، بەلام گواستنەوەی دەسەلات مانای ئەوە دەگەیێنێت گواستنەوەی کاروباری دەسەلات وسەرکردایەتی لەکەسێکەوە بۆ کەسێکی تر ودەکرێ ئەو دەسەلات گواستنەوەیە بە ئاشتی بیت یان توندوتیژی(دقاشي، 2016،ص3).

لێرەدا مەبەستمان لە گواستنەوەی دەسەڵاتە، گۆڕانی کەسایەتی سەرۆکی دەوڵەتە، کە پرۆسەیەکە بەپێی جۆری سیستەمی سیاسی و ئەو شێوازەی کە گۆڕانکارییەکە لەڕێگەیەوە بەڕێوەدەچێت، دەگۆڕێت، ئەگەر گواستنەوەی دەسەلات بەگوێرەی ئەوەی لەڕووی دەستوورەوە قبوڵکراوە ئەنجامبدرێت، ئەوە نیشاندەرێکی ڕاستەقینەی سەقامگیری سیاسییە، بەڵام ئەگەر لەڕێگەی کودەتا و دەستێوەردانەکانەوە ڕوویدات، ئەوە نیشاندەری ناسەقامگیری سیاسییە(العيثاوي، 2018، ص30).

هەمیشە دەستاودەستکردنی ئاشتیانەی دەسەڵات پێویستی بەبەشداری کردنی هاوڵاتیانە لە گواستنەوی دەسەڵاتدا، ودیموکراسی بوونی نییە گەر بڕیارێك نەبێت بەوەی کە گەل خاوەنی دەسەڵات بیت لە دیاریکردنی فەرمانڕەواکان واتە ئەوانەی کە مومارەسەیەی ئەو دەسەڵاتە دەکەن، وەهەڵبژاردن یەکێکە لە ئامرازە سەرەکیەکان بۆ دەستاودەستکردنی دەسەڵات(المالكي ، 2016،ص28).

بەم پێیە بۆمان دەردەکەوێت کە باشترین شێوازەکان بۆ گەیشتن بە سەقامگیری سیستەمی سیاسی شێوازی گواستنەوەی ئاشتیانەی دەسەڵاتە کە یەکێکە لە مەرج و توخمەکانی دیموکراسی، بەبێ ئەو شێوازە دەبێتە هۆی ستەمکاری و بەمەش دەبێتە هۆی ناسەقامگیری سیستەمی سیاسی،وەهەرکاتێک پرۆسەی گواستنەوەی دەسەڵات بەسترابێتەوە بە ئامرازی دیموکراسیەوە، ئەمە دەبێتە نیشاندەرێکی گرنگ بۆ سەقامگیری سیستەمی سیاسی.

2- بەشداری سیاسی:political Participation

بەشداری کردنی سیاسی یەکێکە لەگرنگترین نیشاندەرەکانی سەقامگیری سیاسی، وبەشداری سیاسی ڕەفتارێکی سیاسییە کە هاوڵاتیان

خۆبەخشانە پراكتيزەی دەكەن بۆ بەشداريكردن لە دانانی سياسەتی گشتی و بڕياردان لەسەر هەموو ئاستەكان و هەڵبژاردنی دەستەبژێرە دەسەڵاتدارەكان بۆ پۆستە جياوازەكان,وچاودێريكردنی ئەدای حكومەت و دەربڕينی بۆچوونەكان بە ئامرازە جياوازەكانی پەيوەنديكردن لەسەر ئەو پرسانەی كە خۆيان بەسەردا دەسەپێنن, وپراكتيزەكردنی ئەم ڕەفتارەش پەيوەستە بە ئاگاداری هاوڵاتيان لە ماف و ئەركە سياسييەكانيان,وڕادەی گرنگيدانيان بە پێشهاتە سياسييەكانی سەر زەوی(العكيلي، مليوخ، 2017 ، ص231،)

(جەلال عبدالله معەوز )پی وايە كە بەشداری سياسی بە مانا فراوانەكەی مافی هاوڵاتيە بۆ ئەوەی رۆڵێكی دياريكراو لە پرۆسەی بڕياردانی سياسيدا بگێرێت، وە بەمانا بەرتەسكەكەی واتا مافی هاوڵاتييە كە چاودێری ئەم بڕيارانە بكات بە هەڵسەنگاندن و كۆنترۆڵيان بكات دوای دەركردنيان لەلايەن فەرمانڕەواوە). لە ڕێگەی ئەم پێناسەيەوە دەردەكەوێت بەشداری سياسی بريتييە لە مافی هاوڵاتيان لە پرۆسەی بڕياردانی سياسيدا، و ئەم مانايە لەگەڵ زۆربەی ئەو پێناسانەدا هاوڕايە كە مامەڵەيان لەگەڵ ئەم زاراوەيە كردووە، وە هەميشە بڕيارەكان لەوكاتەدا كاريگەر دەبن و كە جيگای بەشداريكردن بێت لە لايەك ،وەجێگەی چاودێری و هەڵسەنگاندن بێت لە لايەكی ترەوە(شفقة،2008"ص43) .

لە گرنگترين زانايانی سياسی كە بەشداری سياسی و سەقامگيری سياسييان بەيەكەوە گرێداوە، پرۆفيسۆر (ساموێل هەنتينگتۆن)ە، ئەو بەشداری سياسی بەم شێوەيە پێناسە دەكات كە بريتييە لە (چالاكييەک كە لەلايەن هاوڵاتيانی ئاساييەوە ئەنجام دەدرێت بە مەبەستی كاريگەريكردن لەسەر پرۆسەی بڕياردانی حكومەت، جا ئەمە كارێک...يان چالاكی تاكەكەسی يان دەستەجەمعی بيت، ڕێكخراو يان لەسەرخۆ، ئاشتيانە يان توندوتيژ، ياسايی يان ناياسايی، كاريگەر يان ناكاريگەر، و گرنگی بەشداريكردنی سياسی بۆ ساموێل هانتينگتۆن بەو شێوەيە ديارە كە نوێنەرايەتی جەوهەری پرۆسەی سياسی دەكات، و تايبەتمەندييەكی جياوازی وڵاتانی پێشكەوتووە(الخزرجي، 2004،ص181).

لە كۆتايدا دەتوانين بلين كە سەقامگيری سياسی لەهەر كۆمەڵگەيەكدا پەيوەستە بە ئاستی پەيوەندی نێوان بەشداريكردنی سياسی لەلايەك و دامەزراوە سياسيەكان لەلايەكی ترەوە، هەرچەند ئاستی دامەزراوە سياسيەكان زياتر بوو بەرامبەر بە ئاستی بەشداريكردنی سياسی ئەوە دەرفەتيكە بۆ بەديهێنانی سەقامگيری سيستەمی سياسی يان بەپێچەوانەشەوە ڕاستە.

3-كەلتوری سياسی:Political Culture

كەلتوری سياسی يەكێكە لە نيشاندەرەكانی سەقامگيری سياسی، و كەلتوری سياسی بەشێكی گرنگ پێكدەهێنێت لەو ژينگەی كەڕەفتاری سياسی تيادا ڕوودەدات، دەبينين گونجاندنێك هەيە لەنێوان رۆشنبيری سياسی و ژێرخانی سيستەمی سياسی كەپێويستە بۆ سەقامگيری سيستەمی سياسی ئەداكردنی كارەكانی تێيدا بەشێوەيەكی باش وە نەبوونی ئەم گونجاندنە لە نيوانيان دەبيتە هۆی دروست بوونی ناسەقامگيری سياسی( عبدالمنعم ،2021،ص3).

هەردوو زاناو فەيلەسوفی بەناوبانگی ئەمريكی (گابرێيل ئەلمۆند و بينگهام پاول -Gabriel Almond &Bingham Powell) كەلتوری سياسييان بەم شێوەيە پێناسە كردووە (دابەشكردنی جۆرێكی تايبەتە لە ئاراستە و بەها و هەست و زانياری و لێهاتوويی سياسی، هەروەک چۆن هەڵوێستی مرۆڤەكان كاريگەرييان لەسەر ئەو كارە هەيە كە دەيكەن، كلتوری سياسی ميللەتيش كاريگەری لەسەر هەڵسوكەوتی هاوڵاتيان هەيە و سەركردەكان لە ڕێگەی سيستەمی سياسييەوە، و دەتوانين بەراوردی كولتوری سياسی لەنيوان نەتەوە جياوازەكاندا بكەين لە ريگەی پاڵنەرەكانی ڕەفتارەكانی ئێستا و داهاتوودا )(الموند، باول،مصدر السابق،ص69).

بە بڕوای (گابرێيل ئەلمۆند و بينگهام پاول) دەتوانرێت كلتوری سياسی هەر كۆمەڵگايەک بپيورێت و هەڵوێستە سياسييەكان دياری بكرێت لە ڕێگەی سێ ئاستی سيستەمی سياسييەوە :

1- ئاستی سيستەم بەگشتی گرنگی دەدات و بۆچوونی هاوڵاتيان و سەركردەكان سەبارەت بەو بەها ئاراستانەی كە سيستەمی سياسی هاوسەنگ دەكەن لە ريگەی هەلبژاردنی سەركردەكان و مل كەچ بوونی هاولاتيان بۆ ياساو بريارەكان .

2- ئاستی پرۆسەی سياسی، كە لايەنی تيهاوێشتەكانی سيستەمی سياسی لە خۆوە دەگريت، واتە مەيلی هاوڵاتيان بۆ بەشداری لە پرۆسەی سياسی دەگريتەوە.

3- ئاستی سياسی، كە بەرهەم و دەرهاوێشتەكانی سيستەمی سياسی لە خۆوە دەگريت وە چاوەڕوانی و وەڵامی هاووڵاتيان لەبارەی ئەو سياسەتانەی كە حكومەت پەيرەوی دەكات و چ ئامانجێك دابرێژرێت وە چۆن جی بەجيبان بكات. ئەمەش بابەتيكی گرنگە بۆ پيدانی رەوايەتی بە سيستەمی سياسی وبەردەوام بوونی(الموند، باول،مصدر السابق" ص69).

كەواتە سيستەمی سياسی دەتوانێت كلتوريكی سياسی پێكبهێنێت لەڕێگەی كەناڵەكانييەوە ، كە رەهەندی معريفی تيادا زانياری لە سەر سيستەمەكە دەدات، وە رەهەندی سۆزداری كاريگەری لەسەر هەست و سۆزی هاوڵاتيان دەبێت و هەستيك بۆ هاولاتيان بەرامبەر بە دەستەبژيرو و دامەزراوەكان دروست دەكات ، وەرەهەندی هەلسەنگانيش كاريگەری لەسەر پرۆسەی بڕياردان هەيە سەبارەت بە سيستەم، واتە هەڵسەنگاندن بۆ ئەدای سيستەمی سياسی دەكات كە ئەمە زۆر گرنگە، چونكە هەستێكی هاوبەش لە نێوان ئەندامانی كۆمەڵگادا

دروست دەكات و دلبەنديان بەرەو دەولەتی نەتەوەيی ئاراستە دەكات يەكێتی نەتەوەيی بەرز دەكاتەوە ، وە لە حالەتی دروست نەبوونی ئەم دلبەنديە رووبەرووی قەيرانی دابەشبوونی دلبەندی نشتيمان دەبينەوە بۆ دلبەنديە لاوەكييەكان لەسەر بنەمای ئاين و مەزهەبيكی دياری كراو ، كە ئەمەش لە بەرامبەردا دەبێتە هۆی قەيرانی ناسنامە، كە ناسەقامگيری سياسی بەدوای خۆيدا دێنێت(علي، مصدر السابق،ص120).

لەكۆی ئەمانە دەتوانيين بڵێين كە كەلتوری بەشداريكەر يەكێكە لەباشترين جۆرەكانی كەلتور كە پێويستە لە كۆمەڵگاكاندا بوونی هەبێت لەپێناو گەرەنتی كردنی كاريگەری و ئەدای باشی سيستەمی سياسی، كە ئەمەش رۆڵێكی گەورە دەگێرێت لەسەر سيستەمی سياسی وسياسەتەكانی، لەسەرووی ئەمانەش يەكێكە لە گرنگترين نيشاندەرەكان كە پيوانەی ئەوە دەكات كە سيستەمە سياسيەكە ديموكراسيە ياخود نا ، هەروەها پێوانەيەكی گرنگە بۆ دياری كردنی ئاستی رەوايەتی سيستەمی سياسی.

لە كۆتايدا هەموو نيشاندەرەكان دەتوانين بلين كە هەموو ئەو نيشاندەرانە تەواوكەری يەكترن، هەندێک جاريش نيشاندەرێک دەبێتە هۆی دۆزينەوەی نيشاندەرێكی ديكە،بۆ نموونە سەقامگيری سياسی دەبێتە هۆی گەشەی ئابووری و كۆمەڵايەتی.

5. كۆتايی و دەرئەنجامەكان

هەرچەندە ليكۆلينەوە لە ئەدای سيستەمی و جۆرەكانی و نيشاندەرەكانی كاريكی ئاسان نيە ، بەلام سەرەرای هەموو ئەمانە تويژەران هەوليانداوە ئەو ئەركانە دياری بكەن كە پيويستە لەسەر سيستەمی سياسی هەر ولاتيك ئەدايان بكات ، لەگەل دياری كردنی چەند نيشاندەريك كە ئاستی ئەدای هەر سيستەميكی سياسيان پی پيوانە دەكريت. بۆيە لەم تويژينەوەدا هەولمانداوە كە ئەركە ئەداييەكانی سيستەم و نيشاندەرەكانی شی بكەينەوە، وەلەژير رۆشنای ئەم تويژينەوەيەش گەيشتووينەتە چەند دەرئەنجاميك،لەگەل خستەرووی چەند پيشنياريك كە دەتوانين لە چەند خاليكدا كورتی بكەينەوە:-

دەرئەنجام

1- سيستەمی سياسی بريتييە لەو جۆرە پەيوەندی و كارليكە بەردەوامەی كە لە نيوان كاراكتەرە فەرمی و نافەرميەكاندا روودەدات، بە جۆريك هەريەكەيان تەواوكەری ئەويتريانە وە بەردەوامی بە يەكتری دەدەن ، لە پيناو گەيشتن بە بەرژەوەنديەكانيان و مانەوەو بەردەواميان .

2-بوونی سيستەمی سياسی لە بۆشايدا نيە ، بەلكو لە ژينگەيەكدايە كە كاری تيدەكات و وەكاری تيدەكريت ، چونكە سيستەمی سياسی بۆ ئەوەی بەردەوام بيت دەبيت توانای كارليكی هەبيت لەگەل ژينگەو لەگەل سيستەمەكانی تر كە بەهۆيەوە دەتوانيت پاريزگاری لە مانەوەی خۆيدا بكات، وە وەلامی گوشارو داواكاريەكانی هاولاتيان بداتەوە كە لە ژينگەی ناوخۆو دەرەوە ئاراستەی دەكريت .

3-ئەدای سيستەمی سياسی ئەو ئەرك و كارانە كەسيستەمی سياسی پی هەلدەستيت و ئەنجامی دەدات لە وولاتدا ، لە پيناو پركردنەوەی پيداويستی و داواكاری تاكەكان ، لەگەل پيشكەش كردنی خزمەتگوزاريە جياوازەكان و پركردنەوەی پيداويستەكان لە ئيستاو داهاتوودا .

4-بيگومان ئەدای سيستەمی سياسی چەند جۆريك لە خۆوە دەگريت وەك ئەدای وەدەرهينان، دابەش كردن ، ريكخستن ، رەمزی، هەموو ئەم ئەدايانە رۆليكی گرنگ دەگيرن لە پيناو مانەوەی سيستەمە سياسيەكە ، بۆيە پيويستە لەسەر هەر سيستەميكی سياسی توانای ئەوەی هەبيت كە سەرچاوە مادی و مرۆيەكانی دەربهينيت سوديان ليوە ببينيت ، هەروەها بتوانيت رەفتارو هەلسوكەوتی تاكەكانی كۆمەلگا ريك بخات، بەهاو شمەك و خزمەتگوزاريەكان بەشيوەيەكی يەكسان بەسەر هاولاتيان دابەش بكات ، ئەو ئەدايانەی سيستەم لەو كاتەدا بەرجەستە دەبيت كە هاوسەنگی و هەماهەنگی لە نيوان دامەزراوەكان هەبيت .

5-يەكيك لە گرنگترين نيشاندەرەكانی ئەدای سيستەمی سياسی دامەزراوەكانن ، كە سيستەمی سياسی لە ريگەی دامەزراوەكانيەوە ئەدای ئەرك و كارەكانی دەكات ، وە هەرچەندە توانای دامەزراوەكان زياتر بيت بۆ هەلسان بەكارەكانيان بەشيوەيەكی ريك و پيك و چالاك ئەوا ئاستی ئەدای كارەكانی سيستەم بەرزتر دەبيت ،وە بەپيچەوانەشەوە راستە.

6- سەرەرای ئەوەی كە گەشەسەندنی ئابوری و كۆمەلايەتی بە گرنگترين نيشاندەری ئەدای سيستەم دادەنريت بۆ بەراوورد كردنی سيستەمە سياسيەكان لەگەل يەكتری لە رووی ئەداوە، كە بەهۆيەوە دەتوانين بريار بدەين كام لە سيستەمی سياسی سيستەميكە كە ئاستی دەستكەوتی بەرزە يان ئاستيكی بەرزی ئەدای هەيە و يەكيكی تر ئاستيكی نزم لە دەستكەوتی هەيە، چونكە بينيمان ئەو سيستەمەی كە ئاستيكی بەرزی دەستكەوتيان هەيە ئەو سيستەمەن كە توانيويەتی هاوسەنگی گەشەی ئابووری و كۆمەلايەتی و كۆنترۆلكردنی پرۆسەی گەشەكردن و پرۆسەی ديموكراتيزەكردن بكات.

7- بەم پێيە سەقامگيری سياسی بە يەكيك لە ديارترين و گرنگترين نيشاندەر دادەنريت بۆ پيوانەكردنی ئەدای سيستەمی سياسی كەبريتييە لە دەرئەنجامی كارەكانی سيستەم، وەبەزۆری كاتيك بەدەست ديت كە سيستەمی سياسی بتوانيت خۆی لەگەل پيداويستييەكانی ژينگەی ناوخۆيی و دەرەكيدا بگونجينيت، وەدەسەلات شيوازيكی ئاشتيانە ئالوگۆری پی بكريت، وەهەولدان بۆ چارەسەركردنی كيشەكان بە ريگەی ئاشتيانە.

8-بەشداری سیاسی کاریگەری لەسەر تاکەکان و سیاسەتی گشتی دەوڵەت هەیە، لە ئاستی تاکدا بەشداریکردن تێیدا هەستی کەرامەت و بەها و گرنگی سیاسی پەرەپێدەدات،وە فەرمانڕەوا لە ئەرک و مافەکان ئاگادار دەکاتەوە، بەلام سەبارەت بە سیاسەتی گشتی، بەشداریکردن بەرژەوەندی گشتی هاوڵاتیان بەدی دەهێنێت، و بەهۆیەوە فەرمانڕەوا زیاتر وەڵامدەرەوە دەبێت بەرامبەر بە داواکارییەکانی هاووڵاتیان.

9- بیگومان هەموو نیشاندەرەکانی ئەدای سیستەمی سیاسی تەواوکەری یەکترین ، سەرەرای ئەوەی کە هەندیك نیشاندەر دەبێتە هۆی دروست بوونی نیشاندەری تر وەك بەرقەرار بوونی سەقامگیری سیاسی هۆکاریکە بۆ گەشەسەندنی ئابوری و کۆمەلایەتی لە وولاتدا.

2-5پێشنیارەکان

1-پێویستە لەسەر سیستەمی سیاسی هەمیشە هەولبدات کە پیداویستە سەرەتاییەکان و سەرەکیەکانی هاولاتیان پرکاتەوە لە پیناو مانەوەی خۆیدا.

2-سیستەمی سیاسی پێویستە بە باشترین شیوە ئەرکە جۆراو جۆرەکانی خۆی ئەدا بکات ، بەتایبەتی ئەدای وەدرهینانی سەرچاوە مادی و مرۆییەکانی سود وەرگرتن لیان ، لەگەل دابەش کردنی شمەك و خزمەتگوزاری بەسەر تاکەکانی کۆمەلگا بەشیوەیەکی یەکسان و دادپەروەرانە .

3-هەروەها بوونی هەماهەنگی و هاوکاری لە نیوان دامەزراوە فەرمی و نافەرمیەکانی سیستەمی سیاسی ، پیویستە،لەپیناو مانەوەی سیستەمە سیاسیەکەو پیشکەش کردنی ئاستیکی باشی ئەدا .

6. لیستی سەرچاوەکان

1-6سەرچاوە کوردیەکان

1-د.عابد خالد رسول - پیشرەو علی محمدامین ، کاریگەری حوکمرانی دروست لەسەر ئەرکە ئەدایەکانی سیستەمی سیاسی ، تویژینەوەیەکە بلاوکراوەتەوە لە ( مجلة الدراسات السياسية والامنية ، المجلد الثاني، العدد الرابع ،كانون الاول ، سليماني ، 2019.

2-6: سەرچاوە عەرەبیەکان

2-الكيالي واخرون، موسوعة السياسية، المؤسسة العربية للدراسات والنشر، بيروت، 1983، جزء السادس.

3-اسماعيل على سعد ، اصول علم الاجتماع السياسي ، دار النهضة العربية للطباعة والنشر ، بيروت ، 1988.

4-ثامر كامل الخزرجي ، النظم السياسية الحديثة والسياسات االعامة - دراسة معاصرة في الاستراتيجية ادارة السلطة ، دار مجدلاوي ، عمان،ط1، 2004.

5-جابريل ايه،الموند جي- بنجهام باويل الابن، السياسات المقارنة في وقتنا الحاضرة- نظرة عالمية، ترجمة:هشام عبدالله،مراجعة:سمير نصار، الدار الاهلية للنشر والتوزيع، 1997،ط1،عمان.

6-حسان محمد شفيق العاني، الانظمة السياسية والدستورية المقارنة ، بدون مكان طبع، 2007.

7-حسان بن نوي ، تاثير الاقليات على الاستقرار الانظمة السياسية في الشرق الاوسط ، الاسكندرية ، مكتبة الوفاء القانونية ، 2015.

8-خميس حزام والي ، اشكالية شرعية في الانظمة السياسية العربية ، مركز دراسات الوحدة العربية ، بيروت ، لبنان ،2003.

9-رياض هادي عزيز، المشكلات السياسية في العالم الثالث، مطبعة التعليم العالي، الموصل،ط2،1989.

10-روبرت دال ،التحليل السياسي الحديث ، ترجمة: علاء ابو زيد،الاهرام، القاهرة،1993.

11-سعاد الشرقاوي ، النظم السياسية في العالم المعاصر ، دار النهضة العربية ، القاهرة ، ط2، 1982.

12-عثمان محمد غنيم، ماجدة احمد ابوزنط، التنمية المسستدامة-فلسفتها واساليب تخطيطها وادوات قياسها، دار صفاء للنشر والتوزيع،عمان ،2007.

13-سعد شهاب احمد الشيخ ، الديمقراطية التوافقية وانعكاسها على الاداء السياسي للنظام السياسي العراقي بعد عام 2003 ، المركز الديمقراطي العربي ، برلين –المانيا، 2022.

14-د.شيرزاد احمد النجار ، دراسات في علم السياسة ، مطبعة وزراة الثقافة ، اربيل ، 2004.

15-صمويل هنتجتون ، النظام السياسي لمجتمعات متغييرة ، ترجمة: سمية فلو عبود ، دار الساقي ،بيروت ، لبنان ، الطبعة الاولى ،1993.

16-صادق الاسود ، علم الاجتماع السياسي: اسسه وابعاده, جامعة بغداد ، بغداد ، 1990.

17-صبحي محمود ، المنجد في اللغة العربية المعاصرة, دار المشرق للنشر ، الاردن ، طبعة الاولى ، 2000.

18-غابريل الموند وجى بنجهام باويل الابن، السياسات المقارنه فى وقتنا الحاضر, ترجمة: هشام عبدالله, مراجعة: سمير نصار ، الاهلية للنشر والتوزيع, عمان, ط5، 1998.

19-علي الدين هلال، تحليل السياسات العامة قضايا نظرية ومنهجية،مكتبة النهضة المصرية،القاهرة،1988.

20-عادل ثابت، النظم السياسية،دار جامعة جديدة،الاسكندرية،مصر،2001.

21- عدي فالح حسين ، علم الاجتماع السياسي- دراسة معاصرة ،مكتب يمامة للطباعة والنشر ، بغداد ، 2015.
22-طارق الهاشمي ، الاحزاب السياسية ، شركة الطبع والنشر ، الاهلية ، بغداد ، 1968.
23-موريس دوفرجيه ، النظم السياسية ، ترجمة د. حميد حسيب عباس ، د.ضياء الدين صالح ، مؤسسة كامل للطباعة والنشر بدون سنة طبع.
24-مدحت محمد ابو النصر ، ادارة وتنمية الموارد البشرية –الاتجاهات المعاصرة ، مجموعة لنيل العربية ، القاهرة ، 2007.
25-.نصر محمد عارف ، ابستمولوجيا السياسة المقارنة ،المؤسسة جامعة للدراسات للنشر والتوزيع ، بيروت، لبنان ، 2002.
26-نعمة الله نجيب ابراهيم ، اسس علم الاقتصاد ، مؤسسة شباب ، جامعة الاسكندرية ، 2000.
27-وسام حسين على العيثاوي، التحديث والاستقرار في النظام السياسي العراقي بعد عام 2003، المركز الديمقراطي العربي للدراسات الاستراتيجية والسياسسية والاقتصادية ، المانيا، ط1، 2018.

3-6 نامەی ماستەر و تیزی دکتۆرا
28- حميدة دقاشي ، دور مبدا التداول على السلطة في تحقيق الاستقرار السياسي – دراسة حالة بلجيكا ، رسالة ماجستير غير منشورة ، جامعة محمد خضير ،كلية الحقوق والعلوم السياسية ، الجزائر ، 2016.
29-عطاء احمد شفقة ، تقرير الذات وعلاقته بالمشاركة السياسية لدى طلبة جامعة القدس ، رسالة ماجستير ، جامعة الدول العربية ، معهد بحوث والدراسات العربية ، 2008،
30-علي الحواس ،السياسة العامة والاداء النظام السياسي-دراسة في البنية والانماط، رسالة ماجستير غير منشورة، جامعة زيان عاشور، الجلفة، كلية الحقوق والعلوم السياسية،2020.
31-علي حسين سفيح الساعدي ،الية صنع السياسة العامة في النظام البرلماني –دراسة حالة العراق بعد 2003 ، رسالة ماجستير ، كلية العلوم السياسية ، جامعة النهرين ،2013.
32-علي مهدي داود سليمان ، تحليل الاقتصادي لمؤشرات التنمية المستدامة في بلدان الاسيوية مختارة ، رسالة ماجستير ، جامعة كربلاء ، كلية الادارة والاقتصاد ، 2009.
33-نيشتمان رشيد علي، الانظمة الانتخابية للمجتمعات المنقسمة،اطروحة الدكتوراه،جامعة صلاح الدين،كلية العلوم السياسية،اربيل،2020.
34- ياسر جميل باقر، الاداء السياسى والتماسك الوطني في العراق بعد عام 2003 , اطروحة دكتورا ، جامعة بغداد, كلية العلوم السياسية ، 2020

4-6 رۆژنامەو گۆڤارەکان
35-ثامر كامل محمد الخزرجي، السياسة العامة واداء النظام السياسي، بحث منشور في مجلة العلوم السياسية، كلية العلوم السياسية جامعة بغداد، عدد33، 2006.
36-زولتان بارانى، القوات المسلحة وعمليات انتقال السياسي، سياسات عربية،العدد24،الدوحة،المركز العربي للأبحاث وراسة السياسات،2017 .
37-زيد عدنان محسن العكيلي ، و امير مالك مليوخ ، مقومات ومعوقات فاعلية النظام السياسي –العراق بعد عام 2003 نموذجا ، مجلة قضايا السياسية ، كلية العلوم السياسية ، جامعة النهرين ، العدد مزدوج48-49، 2017.
38-شيرزاد احمد النجار،قابلية الانجاز للنظام السياسي: حل للمشكلة ام انتاج لها، محاضرات القيت على طلبة الماجستير في العلم السياسة، قسم العلوم السياسية، كلية القانون والعلوم السياسية جامعة صلاح الدين، اربيل، سنة( 2011-2012).
39- شيرزاد احمد النجار ، منظومة المفاهيم عند ديفيد ايستن –دراسة النقدية ،مجلة قضايا السياسية ، جامعه النهرين "كليه العلوم السياسية ، العدد (41) ، 2015.
40-عدنان ياسين مصطفى ، التنمية الاجتماعية في العراق – مسار متعثر ، بحث منشور في مجلة الاضافان العدد(28) خريف (2014، جامعة بغداد .
41-مها عبد اللطيف الحديثي , محمد عدنان الخفاجي ، النظام السياسي والسياسة العامة ، دراسة في دور المؤسسات الرسمية للنظام السياسي وعملية صنع السياسات العامة في الدول المتقدمة والنامية ، مركز الفرات للتنمية والدراسات الاستراتيجية سلسلة دراسات ، العدد (7) كربلاء ، 2006.
42-مشبب بن عايض القحطاني، قياس وادارة واداء في القطاع الحكومي في مملكة العربية السعودية، المؤتمر الثاني لمعاهد الادارة العامةوالتنمية الادارية في دول مجلس التعاون الدولي الخليج العربية، بدون سنة طبع.
43-مروة محمد عبد المنعم ، الثقافة السياسية والاستقرار السياسي – دراسة حالة دولة الامارات العربية المتحدة، بحث منشور في مجلة كلية السياسة والاقتصاد ، جامعة اسيوط ، العدد (الحادي عشر)، يوليو 2021

5-6 سەرچاوە ئینگلیزیەکان
44- David Easton , An Approach to the Analysis of Political System ,in : World Politic .VOL.9 April, 1957.

45 -Shirin M.Rai, Political Performance: A Framework for Analyzing Democratic politics, political Studies, UK: political studies Association .2014.

7. ملخص البحث:

أنواع أداء النظام السياسي ومؤشراته (دراسة نظرية).

تعد دراسة اداء النظام السياسي احد اهم الموضوعات الساخنة في وقتنا الراهن ، ذلك لان ليس لجميع الانظمة السياسية مستوى متكافئ في الاداء ، اي هناك مستويات مختلفة منها مستوى ضعيف ومستوى عالي . لذلك هدفت الدراسة على تحديد مفهوم اداء النظام السياسي و انواع اداء النظام السياسي وكذلك التركيز على ابرز مؤشرات النظام السياسي كالاقتصادية والاجتماعية والسياسية .

عليه ، قسمنا الدراسة الى ثلاثة مباحث ركزنا في المبحث الاول على مفهوم اداء النظام السياسي ، وفي مبحث الثاني تطرقنا الى انواع اداء النظام السياسي ، اما في مبحث الثالث بحثنا على اهم مؤشرات قياس اداء النظام.

بالتالي توصلت الدراسة الى مجموعة من النتائج والتوصيات،فقد اظهرت نتائج الدراسة ان اداء النظام السياسي يمكن قياسها عبر درجة تحقيق واتمام المهام المكونة لوظائف النظام السياسي من خلال تحويل مدخلات(المطالب) الى مخرجات (السياسات والقرارات )، لتلبية الحاجات التي تضم كل من السياسات الاستخراجية والتوزيعية والتنظيمية والرمزية . كذلك اوصت الدراسة على ضرورة وجود تنسيق وتعاون بين المؤسسات الرسمية وغير الرسمية للنظام من اجل حفاظ النظام واستمراره وتوفير مستوى جيد من الاداء ،ولا سيما الأداء الأستخراجية للموارد المادية والبشرية للاستفادة منها ، مع توزيع السلع والخدمات على الأفراد المجتمع بشكل عادل ومنصف.

الكلمات الرئيسية: الأداء ، أداء النظام السياسي ، أنواع الأداء ، مؤشرات الأداء .

7.1 Research Summary:

Types of performance of the political system and its indicators
(Theoretical study).

The study of the performance of the political system is one of the most important hot topics in our time, because not all political systems have an equal level of performance, that is, there are different levels, including a weak level and a high level. Therefore, the study aimed to define the concept of the performance of the political system and the types of performance of the political system, as well as focus on the most prominent indicators of the political system such as economic, social and political.

Accordingly, we divided the study into three sections. We focused in the first section on the concept of the performance of the political system, and in the second section we touched on the types of performance of the political system, while in the third section we discussed the most important indicators for measuring the performance of the system.

Therefore, the study reached a set of results and recommendations. The results of the study showed that the performance of the political system can be measured by the degree of achievement and completion of the tasks constituting the functions of the political system by converting inputs (demands) into outputs (policies and decisions), to meet the needs that include each of the extractive policies. Distributive, organizational and symbolic.

The study also recommended the need for coordination and cooperation between the official and non-official institutions of the system in order to maintain the system and its continuity and provide a good level of performance, especially the extractive performance of material and human resources to benefit from them, with the distribution of goods and services to the members of society fairly and equitably.

Keywords: performance, performance of the political system, types of performance, performance indicators.
.